# عەرەبی تەعریب لە نێوان ویستی مانەوە و گەڕانەوەدا*

«لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری کەرکوک»

**مراد حەکیم**

مامۆستای یاریدەدەر- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی:**

عەرەبی تەعریب کە ئەمڕۆ بەشێکن لە پێکهاتەی دانیشتووانی شاری کەرکوك، رێژەیەکی بەرچاوی دانیشتووانی شاری ناوبراو پێکدەهێنن. کۆچی عەرەبی تەعریب بۆ شاری کەرکوك (ناوچە بەعەرەبکراوەکان) کە لە چوار دەیەی کۆتایی سەدەی رابردوو (بیست) بەئەنجام گەیشت، کۆچێکی ئاسایی نەبووە. ئاسایی بەو مانایەی کە خەڵکێك بە ویستی خۆی یان ناچاری لەبەر هەر هۆکارێك بێت کۆچ بکەن بۆ شارێك یان ناوچەیەك یان وڵاتێك، هێندەی کۆچێکی ئاراستەکراوی حکومەتێکی ستەمکار و تۆتالیتار بووە. ئەویش نەك لە پێناو گەشەدان بە ناوچەیەك لە پێناو پرۆژەیەکی ئابووری یان هەر پرۆژەیەکی نیشتیمانی دیکە، بەڵکو هاندانی کۆچەرەکان (عەرەبی تەعریب)بووە بۆ نیشتەجێبوون لە ناوچە کوردنشینەکان بە مەبەستی گۆڕینی مۆرکی نەتەوەیی ئەو ناوچەیە، واتە بەشێك بووە لە سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی کە هاوکات لەگەڵ راگواستن، وێرانکردنی گوندەکان، ئاوارەکردن، کیمیاباران و قڕکردنی کوردان ئەنجام دەدرا.

رووداوەکانی نیسانی ٢٠٠٣ (شەڕی دووەمی کەنداو) کە ئاکامەکەیان رووخانی رژێمی بەعس و داگیرکردنی عێراق بوو لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، رەوشی ژیانی عەرەبی تەعریبی لە رووی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەوە گۆڕی. لە بارێکەوە کە ئەوان تیایدا سوودمەندبوون بۆ بارێك کە دەشێ زەرەرمەندبن یان خۆیان بە زەرەرمەند لەقەڵەم بدەن.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستمان، لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی عەرەبی تەعریب، هەروەها تێڕوانین و هەڵوێستیان لە بەرامبەر رووداو و پێشهاتەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعس بەتایبەتیش ویست و ئارەزوویان بۆگەڕانەوە بۆ شوێنی جارانیان یاخود مانەوەیان لەکەرکوك، کە پشتیوانی سەرەکی ئەوان بوو لەو شارەدا.

## ١- چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە:

### ١-١- گرفت و ئامانجی لێکۆڵینەوە:

#### ١-١-١- گرفتی لێکۆڵینەوە:

عەرەبی تەعریب لە ئەنجامی هاندانی ماددی و مەعنەوی رژێمی بەعس، شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بەجێهێشت و لە کوردستان (کەرکوك، خانەقین، شنگار و ناوچە بەعەرەبکراوەکانی دیکە) نیشتەجێکران. لەبەر ئەوەی نەوتێکی زۆر لە خاکی کەرکوکدا هەیە، ئەو پارێزگایە بایەخێکی تایبەتی بۆ ئەو رژێمە هەبوو. بۆیەشە زۆرترین عەرەبی لێ نیشتەجێکردن. تاکو رژێمی بەعس لە دەسەڵاتدا بوو عەرەبی تەعریب هیچ ترس و گومانێکیان نەبوو. بەتایبەتی لەو رووەوە کە داوایان لێ بکرێت شاری کەرکوك (ناوچە بەعەرەبکراوەکان) بەجێ بهێڵن، بەڵکو زۆرترین دەسەڵاتی ئەو ناوچانە لە دەستی ئەواندا بوو، یاخود باڵادەسترین پێکهاتەی ئەو شارە بوون. وێڕای ئەوەی خانووبەرە، خزمەتگوزاری و ئاستی گوزەرانیان لە کورد، تورکمان و پێکهاتە ئێتنی و ئایینییەکانی ئەو شارە باشتر بوو.

رووخانی ئەو رژێمە لە نیسانی ٢٠٠٣ پێگەی عەرەبی تەعریبی لەو شارەدا نەك تەنیا لەقکرد، بەڵکو ژمارەیەکیان ناچار بوون کۆچ بکەن. ئەوەی تا ئێستا عەرەبی تەعریب لەو شارەدا ماون سەرەڕای داواکاری زۆری کورد بو گەڕاندنەوەیان و خراپبوونی رەوشی گوزەرانیان کۆمەڵێك هۆکاری جیاوازن لەوانەش: رێژەی زۆری ئەوان لە شاری کەرکوك، نەبوونی دەسەڵاتی زۆری کورد لەو شارە، پشتیوانی ئاشکرا و شاراوەی حکومەتی عێراق و هێزە عێراقییەکان بۆ مانەوەیان لەو شارە، ناسەقامگیری بارودۆخی عێراق ... وێڕای جەختکردنی زۆر لەسەر جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ (ئێستا بووە بە مادده ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق)، کە بەپێی ئەو مادەیە دەبێت عەرەبی تەعریب ئەو ناوچانە جێبهێڵن و بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، عەرەبی تەعریب تا ئەمڕۆ لەو شارەدا ماون و ترسێکی ئەوتۆیان نییە لەوەی مادەی ٥٨ جێبەجێ بکرێت.

ئایا عەرەبی تەعریب هەڵوێستیان بەرامبەر مادەی ٥٨ یاسای ئیدارەی دەوڵەت چییە؟ هەموویان دژی جێبەجێکردنی ئەو مادەیەن یاخود ژمارەیەکیان لەگەڵ جێبەجێکردنیدان؟ ئەگەر دژی جێبەجێکردنی مادەی ناوبراون، دەبێت چ رێوشوێنێك بگرنەبەر و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن ئەگەر مادەکە کەوتە بواری جێبەجێکردن؟ داواکارییان چییە لە حکومەتی عێراق و هێزە عێراقییەکان بەر لەوەی مادەکە جێبەجێ بکرێت؟ و ئەگەر جێبەجێکرا دیسان چ داواکارییەکیان هەیە؟، چونکە ئەوکات تووشی کۆچێکی ناچاری دێن و کار و بەرژەوەندییەکانیان دەکەونە مەترسییەوە، لە لایەك لە لایەکی دیکەوە هەڵوێستیان بەرامبەر کورد و حکومەتی هەرێم چۆنە؟ ئایا چ تێڕوانینێکیان بۆ کورد هەیە وەك نەتەوەیەکی جیاواز کە ئەمڕۆ بەرژەوەندی هەردوو پێکهاتەکەی

ئەو شارە (کورد و عەرەبی تەعریب) پێچەوانەی یەکترن. کوردەکان چ کێشە و گرفتیان بۆ عەرەبی تەعریب ناوەتەوە، هەست دەکەن کوردەکان رقیان لە عەرەبی تەعریبە؟ ئایا ئامادەیی ئەوەیان تێدا هەیە لە تەك کوردەکان و پێکهاتەکانی دیکەی ئەو شارەدا لە کەرکوکێکی کوردستانیدا بژین. پرسی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکرێت لەوەدا چڕبکرێتەوە کە ئایا عەرەبی تەعریب دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ شوێنی جارانی یان لەکەرکوك بمێنێتەوە؟ هەموو ئەم پرسیار و خاڵە نادیارانەی سەرەوە گرفتی لێکۆڵینەوەکەمان پێکدەهێنن.

### ١-١-٢ بایەخی لێکۆڵینەوە:

هەموو لێکۆڵینەوەیەك دەبێت بایەخی خۆی هەبێت. لێکۆڵینەوە لەپێناو لێکۆڵینەوە لەم سەردەمەدا پەسەند نییە. لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوە هەم پارەیەکی تاڕادەیەك زۆر، هەم ماندووبوونی جەستەیی و هەمیش بیرکردنەوە و تێڕامانی زۆری لە پشتەوەیە، دەبێت لەپێناو ئامانجێکدا بێت کە دیار و بەرچاو بێت. واتە دەبێت بایەخێکی هەبێت. هەربۆیەشە ئەوەی کە لێکۆڵەر حەزی زانینی هەیە و لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا ئەنجام دەدات دەبێت وەلاوەی بنێت و ملکەچی ئاراستەکردن بێت.[1] ئاراستەکردن بەو مانایەی کە کۆمەڵگا، حکومەت، دامەزراوە... داوای لێدەکەن لێکۆڵینەوەکە بەو ئاراستەیەدا بکات کە پێویستی کۆمەڵگا و خەڵك پڕ بکاتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەگەرچی حەزی زانینی لێکۆڵەری لە پشتەوەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا لە پێویستی دەسەڵاتی سیاسی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت. کە دەبێت بە وردی ئاگاداری ئاراستەکانی عەرەبی تەعریب بێت لە ناوچە بەعەرەبکراوەکانی کوردستان لە بەرامبەر رەوشی هەنوکەیی و ئەو پێشهاتانەی دێنە پێش. یەکێك لە گرفتە هەرە سەرەکیەکانی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و حکومەت (بە بڕوای ئێمە) لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە مامەڵەیەکی زانستیانە نییە. مەبەست ئەوەیە کاتێك پرۆژەیەك (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری...) دەخرێتەڕوو وەکو پێویست لێکۆڵینەوەی لە بارەوە ناکرێت، یان لێکۆڵینەوەی زانستی لە روانگەی ئەوانەوە ئەو سوودەی نییە، هەڵبەت ئەم روانگەیەش هۆکاری خۆی هەیە، کە هۆکارەکان یەکلایەنە نین، دوولایەنەن، واتە پەیوەستن بە دەسەڵاتداران لە لایەك و لێکۆڵەر و دامەزراوە زانستییەکان لە لایەکی دیکەوە.

بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە دەبێتە بەرچاوڕوونیەك بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەو بارەوە کە عەرەبی تەعریب چۆن بیر لە داهاتووی خۆیان دەکەنەوە، ئایا هاوکار دەبن یان خۆیان رێگری دەکەن لە جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانی جارانیان. بە کورتی ئەم لێکۆڵینەوە هەوڵدەدات پشتیوانی بکات لەو

گریمانه و تێڕوانینانەی ئێمە لەبارەی ئاراستەکانی عەرەبی تەعریبەوە هەمانە یاخود ڕەتیان بکاتەوە.

### ١-١-٣ ئامانجی لێکۆڵینەوە:

لە ڕاستیدا پەیوەندی نێوان ئامانجی لێکۆڵینەوە و گرفتی لێکۆڵینەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و دەکرێ بڵێین تەواوکەرانەیە، هەروەك چۆن گرفت و ئامانج ئەو پەیوەندییەیان لەگەڵ گریمانەکانی لێکۆڵینەوە هەیە. لە هەندێك لێکۆڵینەوەدا لێکۆڵەر لە جیاتی خستنەڕووی پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە یاخود گریمانەکان تەنیا دەپەرژێتە سەر ئامانجی لێکۆڵینەوە. بەزۆری ئەم شتە لە لێکۆڵینەوە چۆنیەتییەکاندا بەرچاو دەکەوێت.[٢]

ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت دەکرێنەوە:

١- زانینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری عەرەبی تەعریب، کە لەبەر نەبوونی لێکۆڵینەوە لەم بوارەوە تا ئێستا ئێمە نازانین عەرەبی تەعریب چ جیاوازییەکی هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری... لە پێکهاتەکانی دیکەی شاری کەرکوك.
٢- زانینی تێڕوانینی عەرەبی تەعریب لە بەرامبەر گەڕاندنەوەی ئاوارە کورد و تورکمانەکان و گەڕاندنەوەی خۆیان بۆ شوێنی جارانیان.
٣- زانینی ئاراستەکانی عەرەبی تەعریب سەبارەت بە ناسنامەی شاری کەرکوك و هەڵوێستیان بەرامبەر کوردستانیبوونی ئەو شارە.
٤- زانینی هەڵوێستی عەرەبی تەعریب سەبارەت بە ماددەی ٥٨ یاسای ئیدارەی دەوڵەت، بەوەی تا چ ڕادەیەك لەدژی یان لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەدان.
٥- هەڵوێستیان بەرامبەر کورد وەك نەتەوەیەکی جیاواز لە خۆیان و دواتریش ئەگەری ئەوەی تا چەند دەتوانن بە فەرمانڕەوایی کورد لەو شارەدا ڕازی بن.

### ١-٢- گریمانەکانی لێکۆڵینەوە:

گریمانە بریتییە: لە گومان و مەزەندەیەك کە لە زەینی لێکۆڵەردا گەڵاڵە دەبێت سەبارەت بە پەیوەندییەکی ئەگەریی لە نێوان دوو یان چەند گۆڕاوێکدا. ئەگەرچی هەموو گومان و مەزەندەیەك ناکرێت بە گریمانە لەقەڵەم بدەین.[٣] هەروەها دەشێ بڵێین گریمانە بریتییە: لەو شتەی کە لێکۆڵەر بە دوایدا دەگەڕێت یاخود مەزەندەکردنێکی زیرەکانە و زانستیە بۆ ئەنجامی لێکۆڵینەوە. بە دەربڕینێکی دیکە پێشنیارێکە لەسەر مەحەکی تاقیکردنەوەی زانستی هەڵدەسەنگێندرێت.[٤]

لێکۆڵینەوەکەمان چەند گریمانەیەکی هەیە لەوانەش:

١- عەرەبی تەعریب دژی جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) ن.
٢- عەرەبی تەعریب دژی گەڕاندنەوەی ئاوارە کورد و تورکمانەکانن بۆ شاری کەرکوك.
٣- عەرەبی هاوردەی کەرکوك بەزۆری بەهەر نرخێك بێت دەیانەوێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی

ئێستایان بهێننەوە و کۆچ نەکەن بۆ شوێنی جارانیان.

٤- عەرەبی تەعریب شاری کەرکوك بە شارێکی عەرەبی و عێراقی دەزانن و دژی داواکاری کوردن بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

٥- عەرەبی تەعریب بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی جارانیان داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن.

٦- عەرەبی تەعریب گەڕاندنەوەی خۆیان بۆ شوێنی جارانیان وەکو ستەمێك دەبینن.

**١-٣- میتۆدی لێکۆڵینەوە:**

میتۆد، بریتییە :لە ئەنجامدانی چەند چالاکیەك بۆ گەیشتن بە ئامانجێك. میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە، لە راستیدا بە ئامرازگەلێك بۆ گەیشتن بە راستی لەقەڵەم دەدرێن. میتۆدەکان فرەجۆرن و هەر میتۆدێك تارادەیەك یارمەتی دۆزینەوەی یاساکانی زانستی دەدات. لە هەر لێکۆڵینەوەیەکدا لێکۆڵەر هەوڵدەدات گونجاوترین میتۆد هەڵبژێرێت: ئەویش ئەو میتۆدەیە کە زێتر لە میتۆدەکانی دیکە دەتوانێت یاساکان و راستیەکان ئاشکرا بکات.(٥)

خاڵی هەرە سەرەکی لە هەڵبژاردنی هەر میتۆدێك بریتییە لە سروشتی لێکۆڵینەوەکە یاخود توێژینەوەکە، سروشتی لێکۆڵینەوە خاڵی یەکلاکەرەوەیە لە بەکارهێنانی هەر میتۆدێك و خۆ دوورگرتن لە میتۆدەکانی دیکە.(٦)

ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە لێکۆڵینەوەیەکی چەندێتییە. میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی چەندێتی لە کۆمەڵناسیدا پێکدێن لە چەند میتۆدێك، کە ئەگەری ئەوە دەردەخسێنن لە بارەی ئەو فاکتەر و گۆڕاوانەی مەبەستن زانیاریگەلێك بە دەست بخرێن کە شیاوی بەراورد کردنن ئەگەری ئەوە دەڕەخسێنن کە ئەنجامەکان بکرێن بە ژمارە و بە شێوەیەکی گشتی راڤەی چەندێتی بۆ داتا بەدەستهاتووەکان بکرێت.(٧)

لە لێکۆڵینەوەکەدا پشت بە میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی بەستراوە.

میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی دەکرێ پێناسە بکەین بەوەی پرۆسەیەکی رێکخراوە هەوڵدەدات زانیاری و راستیگەلێك کۆبکاتەوە لە بارەی ئەو تاکەکەسانەی لە ناوچەیەکی جوگرافی و شارستانی و ئیداری دیاریکراودا دەژین.(٨)

راڤەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان بەزۆری کێشەی گشتاندنیان هەیە. چۆن دەتوانین دڵنیابین کە ئەوەی لە بوارێکدا بەدەست دێت لە هەلومەرجی دیکەدا دەکرێ جێبەجێبکرێت؟ ئەم کێشەیە لەو لێکۆڵینەوانەدا کە بە میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدرێن کەمترە. رووپێو زانیاریگەلێك دەداتە دەست کە کەمتر زانیاری ورد و قووڵن، بەڵام دەتوانین تارادەیەك دڵنیابین لەوەی کە بەسەر کایەیەکی فرەواندا پراکتیزەیان بکەین.(٩)

## ١-٤- نموونە و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:

### ١-٤-١- هەڵبژاردنی نموونەی لێکۆڵینەوە:

لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەزۆری پشت بە نموونە دەبەسترێت، چونکە کارێکی زۆر زەحمەت یان دەشێ بڵێین زۆرجار مەحاڵە هەموو ئەو تاکەکەس، گروپ، دامەزراوە... وەرگرێ کە کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە پێکدەهێنن. بۆ هەڵبژاردنی نموونەش پسپۆران پشت بە زیاد لە رێگایەك دەبەستن. جۆرەکانی نموونە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا فرە جۆرن. بەگشتی دوو جۆری سەرەکی نموونەکەن ئەوانیش نموونەی رەمەکی و نموونەی مەبەستدارە کە هەر یەکێکیان بۆ خۆی چەند جۆرێکی دیکەی لێ دەبێتەوە.

ئەوەی جۆری نموونە دەستنیشان دەکات لەهەر لێکۆڵینەوەیەکدا. جۆری لێکۆڵینەوە، میتۆدی لێکۆڵینەوە، کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە... هتد.

کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکەمان عەرەبی تەعریبە لە شاری کەرکوك. کە هەم ژمارەیان زۆرە و هەمیش لە رووی دابەشبوونەوە بەیەك شێوە دابەش نەبوونە، بەڵکو وەکو پێکهاتەکانی دیکەی ئەو شارە، لە هەندێك گەڕەکدا ژمارەیان زۆر زۆرە و لە هەندێك گەڕەکیش ژمارەیان زۆر کەمە یان هەر بوونیان نییە. بۆیە دەستنیشانکردنی جۆری نموونەکە ئاسان نەبوو. لە لایەکەوە نموونەکەمان رەمەکییە، بەوەی بۆمان گرنگ نەبوو ئەم عەرەبی تەعریب یان ئەو عەرەبی تەعریب هەڵبژێرین، بەڵکو هەموو عەرەبێکی تەعریب چ ئەوانەی زوو هاتوون بۆ ئەو شارە یان ئەوانەی درەنگ هاتوون، ئەوانەی لە ناوەڕاستەوە هاتوون یان لە باشوورەوە هەموویان وەك یەك وابوون. لە لایەکی دیکەشەوە زیاتر نموونەکەمان لە نموونەی تۆپەڵە بەفری سەراولێژ دەچێت کە لە ئێتنۆگرافیدا زۆرتر بەکاردێت لە جۆرەکانی دیکەی نموونە نا رێکخراوترە.(١٠)

چونکە بۆ ناسینەوەی عەرەبی تەعریب پێویستیمان بە ناسینی عەرەبی تەعریب هەبوو زیاتر لە رێی خۆیانەوە، کە لێیانمان دەپرسی چ عەرەبێکی دیکە لێرە هەیە تا پرسیارنامەیەکمان بۆ پڕبکاتەوە.

نموونەکەمان لە ٢٠٠ تاکی عەرەبی تەعریب پێکدێت.

### ١-٤-٢- ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە میتۆدی لێکۆڵینەوە رۆڵی هەیە لە دەستنیشانکردنی قەبارەی لێکۆڵینەوە. لێرەشدا پێویستە بڵێین میتۆدی لێکۆڵینەوە رۆڵێکی سەرەکیشی هەیە لە دەستنیشانکردنی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری. لە هەندێك لێکۆڵینەوەدا کە میتۆدێکی تایبەتیان تێدا بەکاردێت هەندێك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریش لە توانایاندایە زانیاری و داتای زێتر و واقعیتر کۆبکەنەوە لە هەندێك ئامرازی دیکە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی رووپێوی کۆمەڵایەتی (میتۆدی لێکۆڵینەوەکەمان) پشت بەستنیەتی بە زێتر لە ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری. واتە تەنیا پشت بە ئامرازێك نابەستێت،

بەڵکو دەتوانێت سوود لـە ئـامرازی جۆراوجـۆر بـۆ کۆکردنەوەی داتا وەرگرێت وەك تێبینیکردنی سادە، تێبینیکردنی ڕێکخراو، چاوپێکەوتن، پرسیارنامە و تاقیکردنەوەکان.[11]

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە پرسیارنامە بەستراوە وەك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، ئەویش لەبەر ئەوەی پرسیارنامە کۆمەڵێك خاڵی ئیجابی هەیە. پرسیارنامەکە ٣٢ پرسیار پێکدێت کە زۆربەی هەرە زۆریان پرسیاری داخراون و ژمارەیەکی کەمیش پرسیاری کراوە. هەروەها هەردوو جۆری پرسیاری گشتی و تایبەتی لەخۆدەگرێت.

### ١-٤-٣- ئاستەنگەکانی لێکۆڵینەوە:

زۆربەی لێکۆڵینەوەکان، بە تایبەتیش لێکۆڵینەوەکانی مەیدانی، ئاستەنگ و تەگەرەیان دێتەسەر ڕێ. لێکۆڵینەوەکەی ئێمەش ئاستەنگی خۆی هەبوو.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەگشتی ڕووبەڕووی دوو ئاستەنگ بوینەوە، یەکەم تایبەت بوو بە جۆری نموونە. لەبەر ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمان کردن (لە هەڵبژاردنی نموونەی لێکۆڵینەوەدا) دیاریکردنی جۆری نموونە قورس بوو. دووەم ئاستەنگ: بە زەحمەت باوەڕهێنان بوو بە نموونەی لێکۆڵینەوەکە پرسیارنامەکان پڕکەنەوە. دەشێ بڵێین یەك لە سێی پرسیارنامەکان فەوتاون و نموونەکە نەیگەڕاندنەوە. هەروەها ئەوانەش کە گەڕانەوە ژمارەیەکی زۆریان زیاد لە پرسیارێکیان فەراموش کردبوو و وەڵامیان نەدابووەوە (لە کاتی ڕاڤەی خشتەکان دەردەکەوێت کە ژمارەی ئەوانەی پرسیاریان وەڵام نەداوەتەوە زۆرە). ئەو پرسیارەش کە وەڵام نەدرانەوە هەمیشە پرسیارە هەستیارەکان نەبوون، بەڵکو تەنانەت پرسیاری گشتیش هەندێك جار وەڵام نەدرابوونەوە وەك گەڕەك، تەمەن، ئایینزا، هتد.

ناچاربووین بە زۆر شێوە باوەڕ بە نموونەکە بهێنین تا پرسیارنامەکان پڕکەنەوە، لەوانەش پشت بەستن بە برادەرانی عەرەب خۆیان، لە قوتابخانە پرسیارنامەمان دەدایە منداڵەکان بۆ ئەوەی دایك یان باوکیان لە ماڵەوە پڕبکەنەوە ....

### ١-٥ دیاریکردنی چەمکەکان:

چەمکەکان ئامرازی تۆژینەوەن و چەند ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە لێکۆڵینەوەی زانستەکانی کۆمەڵایەتییدا: یەکەم ڕۆڵ و گرنگترینیان ڕۆڵی پەیوەندییە (کۆمۆنیکەیشن).[12] لەبەر ئەوەی ڕۆڵی پەیوەندیکردن دەبینێت لە تواناياندایە زمانێکی هاوبەش لەنێوان پسپۆڕەکانی زانستێکدا بەرهەمبهێنن.

وێڕای ئەوەی کە جیاوازی هەیە لەنێوان زانا و پسپۆڕاندا لە بەکارهێنانی چەمکەکان پێویست دەکات لەسەر تۆژەرەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا چەمکەکان بەوردی دەستنیشان بکەن.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە دوو چەمکی سەرەکی هەیە: تەعریب و عەرەبی تەعریب لەگەڵ دوو چەمکی ناسەرەکی: ویستی گەڕانەوە و ویستی مانەوە. کە لە خوارەوە هەوڵدەدەین ڕوونیان بکەینەوە.

**تەعریب:** زاراوەیەکی نوێیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، مێژووییەکەی وەك زاراوە بۆ هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە. مەبەست لەو سیاسەتەی رژێمەکانی عێراق و سوریایە، بەتایبەتیش رژێمی بەعس لە عەرەباندنی خاکی کوردستان.

دەکرێ تەعریب لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێناسە بکەین بە نیشتەجێکردنی تاك و گروپەکانی عەرەبی لە کوردستانی باشوور و، دروستکردنی نشینگەی عەرەبی بۆیان. هەروەها بریتییە لە گۆڕینی ناوی شار، گەڕەك، گوند، دامەزراوە و دامودەزگا رەسمی و نارەسمییەکان بۆ زمانی عەرەبی ئەویش بە مەبەستی گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی لە بەرژەوەندی عەرەبدا.[١٣]

تەعریبی کوردستان لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسەوە بایەخێکی تایبەتی پێدراو وەك ستراتیجێك پیادە کرا. لە هەندێ کاتدا زۆر بە چڕی کاری بۆ دەکرا و لە هەندێ کاتی دیکەدا بە شاراوەیی یان بە کزی کاری لەسەر کراوە. تا رژێمی بەعس لە دەسەڵاتدابوو تەعریبی کوردستان ستراتیجی سەرەکی ئەو رژێمە بوو.

سیاسەتی تەعریبی کوردستان بە پلەی سەرەکی لەم شوێنانەی کوردستان کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکرێت، پیادەکراوە:

ناوچەکانی تێکەڵاو لە رووی ئێتنییەوە: واتە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لەگەڵ نیشتمانی عەرەب. ئەو ناوچانەی کە وێڕای کورد دانیشتووی عەرەب یان عەرەب و تورکمانیان لێ نیشتەجێیە.

ناوچەکانی نەوتاوی: مەبەست ئەو ناوچانەی کوردستانن کە چاڵە نەوتیان تێدایە.

ناوچەکانی تەوەری ستراتیجی: مەبەست ئەو ناوچانەن کە لە روانگەی بەعسەوە بە تەوەری ستراتیجی دادەنران بۆ پاراستنی عێراق لە مەترسییەکانی دەرەوە و ناوەوە.[١٤]

لە راستیدا سیاسەتی تەعریب بە شێوەی جیاواز پیادە دەکرا.[١٥]

**عەرەبی تەعریب:** ئەو عەرەبانەن کە بە مەبەستی تەعریب کردنی خاکی کوردستان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانیان نیشتەجێکران.

زۆر نەتەوە و پێکهاتەی ئێتنی جیاواز لە کوردستان دەژین. بوونی عەرەب لە کوردستان بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، واتە لەگەڵ فتوحاتی ئیسلامی لە سەردەمی خەلیفەکاندا عەرەب هاتۆن بۆ کوردستان. بەڵام ئەو عەرەبانەی لە کوردستان نیشتەجێکران بە تایبەتیش لە سەردەمی دەسەڵاتی رژێمی بەعسدا بە عەرەبی تەعریب ناودەبرێن. زاراوەی عەرەبی تەعریب باوترە لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا. بەڵام عەرەبی تەعریب زێتر خەسڵەتی بەزۆرهێنانی تێدایە، لە کاتێکدا ئەو عەرەبانە ئەگەر خێزانگەلێکیشی هەبن ناچار کرابن کۆچ بکەن بۆ ناوچە کوردنشینەکان ئەوا زۆرینە بە ویستی خۆیان هاتوون بۆیە باشترە بە عەرەبی تەعریب ناوببرێن نەك هاوردە. تەنانەت لە کەرکوك و زۆر ناوچەی دیکە عەرەبی خۆجێیی بە وافدین ناویان دەبەن، واتە ئەوانەی هاتوو نەك هێنراو. هەروەها زۆرجار بە "موستەفیدین"یش ناودەبرێن.

**ویستی مانەوە:** مەبەست لە ویستی مانەوە حەز و ویستی عەرەبی تەعریبە لەوەی کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا، واتە لە کوردستان بمێننەوە و نەگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی لێیانەوە هاتوون.

**ویستی گەڕانەوە:** مەبەست حەز و ویستی عەرەبی تەعریبە لەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستایان جێ بهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ شوێنی جارانیان، ئەو شوێنەی لێیەوە هێنراون لە ناوەڕاست و باشووری عێراق.

## ٢- خستنەڕووی زانیارییەکانی لێکۆڵینەوە:

### ٢-١ خستنەڕووی زانیارییەکانی تایبەتی:

#### ٢-١-١ گەڕەك:

خشتەی ژمارە (١) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ڕووندەکاتە بەپێی گەڕەك. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە خشتەکەدا ئەوەیە کە ژمارەی نموونەکە لە هەندێك گەڕەك زۆرە و لە هەندێك گەڕەك کەمە، واتە بە ڕێژەی یەکسان نموونەکە لە گەڕەکەکان وەرنەگیراوە. بە بڕوای ئێمە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار: یەکەم، عەرەبی تەعریب بە زۆری لە چەند گەڕەکێك کۆبوونەتەوە و لە هەندێك گەڕەك زۆر بە کەمی هەن یان ڕەنگە بتوانین بڵێین بوونیان نییە، بۆیە نەدەکرا لە هەموو گەڕەکێك بە یەك ڕێژە وەریانگرین، بەڵام ئەمەش مانای وانییە کە ئێمە بەپێی ئامارێك نموونەکەمان لە هەر گەڕەکێك وەرگرتووە، لەم نموونەیەدا پشتمان بە هیچ ئامارێك نەبەستووە چونکە هیچ ئامارێك نییە یارمەتیمان بدات. دووەم: بارودۆخی نائارامی ئەو گەڕەکانەی هاوردەکانی لێ نیشتەجێن. بارودۆخی کەرکوك بەگشتی نائارامە، بە تایبەتیش گەڕەکەکانی عەرەبەکان، ئاسان نەبوو ئێمە بچینە هەموو گەڕەکێك یان وەکو دەمانەوێت نموونە هەڵبژێرین (هەروەك پێشتر باسی لێوە کراوە). خاڵێکی دیکەش پەیوەندی بە جۆری نموونەکەی ئێمەوە هەیە، کە تۆپەکە بەفرینی سەراولێژە. لەو خەڵکەی وەکو نموونە یەکەمجار وەرمانگرت پرسیمان کە هیچ عەرەبێکی دیکەی تەعریب لێرە هەیە و بەو شێوەیە تاکو نموونەکەمان تەواو بوو، وێڕای ئەوەی کە هەندێکیان وەڵامیان نەدەدایەوە یاخود لێمان بێزار بوون.

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت ڕێژەیەکی زۆر بەرزی نموونەکەمان لە گەڕەکەکانی، حەی ئەلئەسرا ئەلمەفقودین و حەی ئەلنەسر وەرگیراوە. هەروەها بە ڕێژەیەکی کەمتریش لە گەڕەکەکانی ئەلقادسیە، حەی ئەلحوسێن، دومیز، و حەی ئەلعەسکەری وەرگیراوە.

هەروەها لە گەڕەکەکانی حەی ئەلعروبە، حەی ئەلخەزرا، حەی ئەلنور، بەگلەر... بەلای کەمەوە نموونەیەك وەرگیراوە. وێڕای ئەوەش ٥٪ نموونەکەمان ئامادە نەبوون ناوی گەڕەکەکەیان بدرکێنن.

#### ٢-١-٢ تەمەن:

زانینی تەمەنی نموونەی لێکۆڵینەوە زۆرجار یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت. لە خشتەی ژمارە (٢)دا، کە تەمەنی

نموونەی لێکۆڵینەوە رووندەکاتەوە، دەرکەوت بەرزترین رێژەی نموونەکەمان تەمەنیان لە نێوان ٤٩ — ٥٨ ساڵیدایە، کە دەکاتە ٢٩,٥٠٪ نموونەکە. پێمانوایە ئەمەش بایەخی خۆی هەیە، چونکە ئەوە دەردەخات کە ویستومانە کەسانێك وەك نموونە وەرگرین کە بەگشتی لە ناو رووداوەکاندا بن و درك بەو شتە بکەن کە لێیان دەپرسین.

رێژەیەکی بەرزی نموونەکەشمان، کە دەکاتە ٢١٪ ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان ١٩ — ٢٨ ساڵیدایە. رێژەیەکی زۆر نزیك لە رێژەی سەرەوەش، واتە ٢٠٪ ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان ٣٩- ٤٨ ساڵیدایە. ئەوانەش کە تەمەنیان لە نێوان ٢٩ — ٣٨ ساڵیدایە، رێژەی ١٥٪ نموونەکەمان پێکدەهێنن. دوو رێژەی دیکەش کە بە بەراورد لەگەڵ رێژەکانی سەرەوە، رێژەی کەمترن، ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان ٥٩ — ٦٨ ساڵی و ٦٩ — ٧٨ ساڵیدان، بە رێژەکانی ٧٪ و ٢٪.

دوا رێژەش ئەوانەن کە تەمەنی خۆیان نەگوتووە. ئەوانەش رێژەی ٥,٥٠٪ نموونەی لێکۆڵینەوەکە پێکدەهێنن.

### ٢-١-٣ ئاستی خوێندەواری:

ئاستی خوێندەواری نموونەی لێکۆڵینەوە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی دیکەی نموونەکە، کە بە پێویستمان زانی روونی بکەینەوە لە خشتەی ژمارە (٣)دا.

دەرکەوت بەرزترین رێژەی نموونەکەمان ئەوانەن کە ئاستی خوێندەواریان قۆناغی سەرەتاییە، کە دەکاتە ٣٢,٥٠٪ نموونەکە. رێژەیەکی بەرزی دیکەش ئەوانەن کە ئاستی خوێندەوارییان لە قۆناغی ناوەندییە، رێژەیان دەکاتە ٢٦,٥٠٪ نموونەی لێکۆڵینەوە. رێژەی ئەوانەش کە لە قۆناغی ئامادەییدان دەکاتە ١٣٪ نموونەکە. رێژەی نەخوێندەوارەکانیش لە ٧,٥٠٪ نموونەکە پێکدەهێنێت.

رێژەیەکی دیکەی نموونەکەش، کە دەکاتە ١٣٪ ئەوانەن کە ئاستی خوێندەوارییان لە قۆناغی پەیمانگادایە. ئەوانەش کە لە قۆناغی زانکۆدان دیسان رێژەیەکی کەمی نموونەکە پێکدەهێنن، کە دەکاتە ٧٪ نموونەکە.

بە گشتی دەردەکەوێت ئاستی خوێندەواری نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان نزمە، رەنگە ئەمەش بۆ دوو هۆکار بگەڕێتەوە: یەکەم کە گشتیە، واتە نزمی ئاستی خوێندەواری لە عێراق، بەوەی تا درەنگانێك لە عێراق بایەخ بە بواری پەروەردە و فێرکردن نەدرا. دووەم کە تایبەتیە، واتە کۆچ، گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون زۆرجار بە سلبی کاردەکاتە سەر بواری فێرکردن. لە خشتەکەدا بینیمان دوو رێژەی ئەوانەی لە ناوەندی و سەرەتایی وازیان لە خوێندن هێناوە دەکاتە ٥٨٪، ئەمە دەشێ هۆکارەکەی کۆی هاوردەکان بێت بۆ کەرکوك.

### ٢-١-٤- زانینی زمانەکان:

خشتەی ژمارە (٤) تایبەتە بەوەی عەرەبی تەعریب کە کۆچیان کرد بۆ شاری کەرکوك تا چەند فێرە زمانەکانی شارەکە بوونە. دەرکەوت زۆرترین

ڕێژەی نموونەکەمان، کە دەکاتە ٦٥٪ نموونەکە فێرە هیچ زمانێکی شارەکە (کوردی، تورکمانی، سریانی) نەبوونە، واتە تەنیا عەرەبی دەزانن وەك ئەوەی لە شوێنی جارانیان بن و کۆچیان نەکردبێت بۆ کەرکوك. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك. لەوانەش کۆبوونەوەی زۆربەی خێزانەکانی عەرەبی تەعریب لە چەند گەڕەکێکی ئەو شارەدا و، کەم تێکەڵاوییان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە. وێڕای ئەوەی زمانی عەرەبی زمانی فەرمی و عەرەب باڵادەست بوون لەو شارە کە زانینی زمانەکانی دیکە پێویستییەك نەبووە بۆیان.

ڕێژەیەکی دیکە کە دەکاتە ٩٪ نموونەکە فێرە زمانی کوردی بوونە، واتە کوردی و عەرەبی دەزانن. ڕێژەیەکی کەمێك زیاتریش، کە دەکاتە ١٠,٥٠٪ فێرە زمانی تورکمانی بوونە. ڕێژەیەکی زیاتریش لەم ڕێژەی دوایی کە دەکاتە ١٣٪ لەپاڵ زمانی عەرەبی هەردوو زمانی کوردی و تورکمانیش دەزانن.

**٢-١-٥- شوێنی نیشتەجێبوون:**

بە پێویستمان زانی بپرسین نموونەکەمان لە چ پارێزگایەکەوە هێنراوەتە کەرکوك، زیاتریش بەو مەبەستەی ئایا حکومەت دانیشتوانی چەند پارێزگایەکی تایبەتی دەگواستەوە بۆ کەرکوك، یان لەهەر پارێزگایەکەوە با گرنگ نەبوو.

دەرکەوت (خشتەی ژمارە ٥) ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە، کە دەکاتە ٣٧٪ دەڵێن شوێنی لە دایکبوونمان کەرکوکە، دەشێ ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەمانە ئەوانەبن کە تەمەنیان لە خوار سی و پێنج ساڵییەوە (وەك لە خشتەی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت ٣٦٪ نموونەکە تەمەنیان لە خوار ٣٨ ساڵییەوەیە) هەروەها دەشێ ژمارەیەکیش بە هەڵە پڕی کردبێتەوە یان نەیویستبێت ڕاستییەکەمان پێ بڵێن، بەتایبەتیش کە دەیانزانی کوردن ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام دەدەن.

ڕێژەیەکی بەرچاوی نموونەکە ئەوانەن کە لە بەغدادەوە هێنراون. کە دەکاتە ١٧,٥٠٪ نموونەکە. هەروەها بە ڕێژەی ١٣٪ نموونەکە شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویان پارێزگای بەسرایە. ئەوانەش کە لە پارێزگای دیالەوە هێنراون ڕێژەیان دەکاتە ٨٪. هەروەها بە ڕێژەی ٥,٥٠٪ نموونەکەش شوێنی نیشتەجێبوونی جارانیان پارێزگای زیقارە. ئەوانەی دیکەش کە ماونەتەوە بە ڕێژەی کەمتر لە پارێزگاکانی دیکەوە (دیوانیە، ئەنبار، نەینەوا، موسەنا، بابل، ناسریە، نەجەف...) هێنراون.

بە کورتی وا دەردەکەوێت بۆ حکومەت گرنگ بێت عەرەب لە کەرکوك نیشتەجێ بکات، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاینزا، پارێزگا، ئاستی خوێندەواری، باری گوزەران و... هتد. هەر بۆیەشە تەنیا عەرەبی پارێزگایەکی تایبەتی نەهێنراون و تەنانەت شیعەکانیشی بە ڕێژەی زۆر هێناون، ئەگەرچی حزبی بەعس حزبێکی سونی مەزهەبیش بوو.

**٢-١-٦- ماوەی نیشتەجێبوون:**

سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی لە ناوچە بە عەرەبکراوەکانی کوردستاندا، سیاسەتێکی ستراتیژیی درێژخایەن بوو. هەردوو دیوی

سیاسەتەکە، ڕاگواستنی کورد لەو ناوچانە و نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنیان، لە ماوەی چەند ساڵێك یاخود تەنیا دەیەیەك بە ئەنجام نەگەیشت، بەڵکو بە درێژایی تەمەنی ڕژێمی بەعس لە دەسەڵات، ئەو ستراتیژە یەکێك بوو لە ئامانجەکانی، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر بەعس لە دەسەڵاتدا مابا، تا کەسێك لەو ناوچانە خۆی بە کورد زانیبا و تا شوێنەوارێکی کوردستانی بەو ناوچانەوە دیار با ئەو سیاسەتە بەردەوام دەبوو.

خشتەی ژمارە (٦)، ماوەی نیشتەجێبوونی نموونەکە لە شارەکە ڕووندەکاتەوە. دەبینین هەر لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیست کە ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ یەکەمجار دەسەڵاتی گرتە دەست و ڕەنگە پێشتریش لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، عەرەب لە کەرکوك نیشتەجێکراوە تاکو کۆتایی سەدەی ڕابردوو و ڕەنگە لە سەرەتای ئەم سەدەیەشدا (سەدەی بیست و یەك) نیشتەجێکرابن.

هەروەك لە خشتەکەدا دیارە زۆرترین عەرەب لە دەیەی هەشتاکان لە شاری کەرکوك (ڕەنگە لە زۆربەی ناوچەکانی بەعەرەبکراو) نیشتەجێکراون، کە ڕێژەیان دەکاتە ٣٣٪عەرەبی تەعریب. ئەمەش پێشبینیکراوە، چونکە بەعس لەم دەیەدا بە لوتکەی دڕندایەتی خۆی گەیشت. هەر لەم دەیەدا هێرشی کردە سەر ئێران و، شەڕێکی وێرانکەری هەشت ساڵەی لێ کەوتەوە، هەر لەم دەیەشدا بە کردەوە و بە فرەوانی کەوتە قڕکردنی گەلانی عێراق و هەر لە دوامانگەکانی ئەو دەیەیەشدا بوو هێرشی کردە سەر کوێت.

ئەو عەرەبانەش کە لە دەیەی شەستەکان هێنراون بۆ شاری کەرکوك ڕێژەیان دەکاتە ٢٣٪، کە هەڵبەت ڕێژەیەکی بەرزە. ڕێژەی عەرەبی تەعریب لە دەیەی حەفتاکان بەرەو کەمبوونەوە ڕویشت ئەمەش بە بڕوای ئێمە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە لە سەرەتای حەفتاکان دانوستانی نێوان حکومەتی مەرکەزی و شۆڕشی کوردستان دەست پێکرد و بەیاننامەی ١١ی ئاداری لێ کەوتەوە، کە بەعس ناچار بوو ئەم سیاسەتەی تاڕادەیەکی زۆر دوابخات، لە لایەکی دیکەشەوە دوای نسکۆی ١٩٧٥ تا ماوەیەك بەعس هەڕەشەی شۆڕشی کوردستانی لەسەر نەماو، تاڕادەیەك خاترجەم بوو. دیسان لە دەیەی نەوەدەکانیش ڕێژەی عەرەبیتەعریب ڕووی لە کەمی کرد، ئەویش لەبەر دوو هۆکار یەکەم: لەم دەیەدا بەعس لە لوتکەی لاوازی خۆیدابوو، دووەم: تاڕادەیەکی زۆر بەعس لە بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو و ترسێکی وای لەسەر نەبوو.

### ٢-١-٧- ژمارەی ئەندامانی خێزان:

خشتەی ژمارە (٧) ژمارەی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ڕووندەکاتەوە. دەرکەوت زۆرترین ڕێژەی نموونەکەمان ئەوانەن کە ژمارەی منداڵەکانیان لە نێوان ٧- ٩ منداڵدایە، کە دەکاتە ٣٧٪ نموونەی لێکۆڵینەوە. ئەوانەش کە ژمارەی منداڵەکانیان لە نێوان ٤ — ٦ منداڵدایە دیسان

ڕێژەیەکی بەرچاوی نموونەکەن، کە دەکاتە ٢٥,٥٠٪.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ڕێژەی ئەوانەی کە خێزانی گەورەن، یان بە دەربڕینێکی دیکە ئەو خێزانانەی ژمارەی ئەندامەکانیان لە ٧ سەرخێزان بە سەرەوەیە، ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە پێکدەهێنن، کە دەکاتە ٣٠٪ نموونەکە. تەنانەت خێزانی وا هەیە ژمارەی ئەندامەکانی ٢٢ سەرخێزان بە سەرەوەیە. ئەمەش بێگومان بۆ زیاد لە هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەو هۆکارانەش: نزمی ئاستی هوشیاری عەرەبی تەعریب، کە پێدەچێت ژمارەیەکی زۆریان لادێنشین و بەدەوی بن، بۆیە بەم ڕێژەیە منداڵیان دەبێت. هەستکردنیان بە غەریبی لە کەرکوك و دووریيان لە خزم و کەسیان. بە بڕوای ئێمە ئەم هەستکردنە بەبێ کەسی هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی منداڵی زۆریان ببێت، وێڕای ئەوەی ڕژێمی بەعس بەگشتی هانی خێزانەکانی دەدا بۆ منداڵبوون، ڕەنگە بە تایبەتی هانی هاوردەکانیشی دابێت.

**٢-١-٨- باری ئابووری:**

سەبارەت بە باری ئابووری نموونەی لێکۆڵینەوە، دەرکەوت ڕێژەی ئەوانەی باری ئابوورییان مامناوەندییە ڕێژەیەکی زۆر بەرزی نموونەکە پێکدەهێنن، کە دەکاتە ٧٨,٥٠٪ نموونەکە. ئەوانەش کە باری ئابووری خۆیان بەباش دەزانن ڕێژەی ١٢٪ نموونەکە پێکدەهێنن، ئەوانەش کە باری ئابوورییان خراپە کەمترین ڕێژەی نموونەکەن، واتە ٨٪.

**٢-١-٩- پیشەی سەرپەرشتیاری خێزان:**

پیشەی نموونەی لێکۆڵینەوە یەکێکە لەو گۆڕاوە گشتیانەی کە زۆرجار پێویستە بزانرێت، یاخود ئاماژە پێکردنی سوود بە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە دەگەیێنێت. لە خشتەی ژمارە (٩)دا کە تایبەتە بە پیشەی سەرپەرشتیاری خێزانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە، دەرکەوت زۆرترین ڕێژەی سەرپەرشتیاری خێزانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە ئەوانەن کە فەرمانبەری حکومین، بە ڕێژەی ٤١٪. ئەگەرچی ئەم ڕێژەیە زۆرە بەلاّم عێراق وڵاتێکە کە کاری دیکە کەمە و بواری پێویست نەڕەخسێنراوە.حکومەت لەبەر چەند هۆکارێك ناچارە زۆربەی خەڵك دامەزرێنێت لە فەرمانگەکانیدا.

ڕێژەی ئەوانەش کە کاسبی دەکەن (واتە کاری جۆراوجۆر لە پێناو بەڕێوەبردنی ژیانیان هەر لە دوکانداری و شوفێری تاکو حەمالی و کرێکاری) دەکاتە ٣٧,٥٠٪ نموونەکە، کە دیسان ڕێژەیەکی بەرزە.

شایانی باسە ڕێژەی خانەنشینەکانیش بەرزە کە دەکاتە ١٢,٥٠٪ نموونەکە، ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عەرەبی تەعریب ڕەنگە بە زۆری کوڕ و باوك و باپیر لە یەك خێزاندا بژین، واتە ڕەنگە ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن تا ماوەیەکی درێژ لەگەڵ باوانیان بژین و کەمترماڵیان جیابکەنەوە.

سەبارەت بەوەی کە ئایا شوێنی حەوانەوەی عەرەبی تەعریب چ جۆرێکە، لە خشتەی ژمارە

(١٠)دا دەردەكەوێت بەرزترین ڕێژەی نموونەكە ئەوانەن كە خانووەكانیان مۆڵكە و، لەسەر ناویان تاپۆ كراوە. ڕێژەیەكی بەرچاوی دیكەش ئەوانەن كە لە خانووی حكومیدا دەژین، كە ڕێژەیان دەكاتە ٢٢,٥٠٪. ئەگەرچی لە زۆربەی شارەكان خانووی حكومی هەیە و بە زۆری هەندێك كارگە یان كۆمپانیا ... خانوو دروست دەكەن بۆ كرێكار و فەرمانبەرەكانیان، بەڵام هیچ پێكهاتەیەكی دیكەی شاری كەركوك هێندەی عەرەبی تەعریب سوودمەند نەبووە لەو خانووانە و ڕەنگە لە هیچ شارێكی دیكەی عێراقیش هیچ پێكهاتە یان گروپێكی دانیشتووی شارەكە بەم ڕێژەیە لە خانووی حكومیدا نیشتەجێ نەبن. دوا ڕێژەش ئەوانەن كە لە خانووی بە كرێدان و ڕێژەیان دەكاتە ١١,٥٠٪ نموونەكە.

**٢-١-١١- چۆنیەتی نیشتەجێبوون:**

بۆ ئەوەی باشتر شارەزای ڕەوشی ژیانی عەرەبی تەعریب بین لە شاری كەركوك ژمارەیەك پرسیاری گشتی وەك باری ئابووری و جۆری نیشتەجێبوون و چۆنیەتی نیشتەجێییان لە نموونەكە كران. سەبارەت بەوەی كە ئایا خێزانەكان لە خانووەكی سەربەخۆدا نیشتەجێن یاخود لەبەر هەر هۆكارێك بێت خانووی سەربەخۆیان نییە و لەگەڵ خێزانێك یان زێتر لە خانوویەكدا ژیان بەسەردەبەن دەركەوت (خشتەی ژمارە ١٠) ٧٢,٥٠٪ نموونەكە لە خانوویەكی سەربەخۆدا دەژین. لە كاتێكدا نموونەكە بە ڕێژەی ٢٤,٥٠٪ لەگەڵ خێزانێكی دیكە یان زێتر لە خانوویەكدا دەژین. ئەم ڕێژەیە تاڕادەیەك بەرزە كە دیارنییە هۆیەكەی بۆچی دەگەڕێتەوە، چونكە عەرەبی تەعریب شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین دەكرا وێڕای ئیمتیازی دیكەش.

**٢-١-١١- ئایینزا:**

موسوڵمانانی نیشتەجێی شاری كەركوك (عەرەب و توركمان) بە پێچەوانەی كورد بە زۆری سەر بە هەردوو ئایینزای سونی و شیعەن. دیارە هاوردەكانیش لە هەردوو ئایینزایەكە لە شاری كەركوك نیشتەجێكراون. واتە جیاوازی ئایینزا گرنگ نەبووە لەلایەن بە ڕژێم بەڵكو ئەوەی گرنگ بووە، ئەوە بوو كە ئەوەی دەهێنرێتە شارەكە عەرەب بێت.

ڕێژەی سونی مەزهەبەكان زۆرترە لە ڕێژەی شیعەكان، (وەك لە خشتەی ژمارە ١١ دا دەردەكەوێت) بۆ ئەمەش دوو ئەگەر هەیە، یەكەمیان ئەوەی كە شیعەكان كەمتر مەیلیان هەبووە بۆ جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان و كۆچكردن بۆ ناوچە بەعەرەبكراوەكان یان وەك ئەوان دەڵێن باكوور، یاخود ڕژێم ویستویەتی سونی مەزهەبەكان لەوێ نیشتەجێبكات. هەروەها لەبەر ئەوەی باكووری عێراق بەزۆری سونین، دەشێ ئەمەش هاندەرێك بێت بۆ هاتنی سونەكان.

## ٢-٢ خستنەڕووی زانیارییەکانی تایبەتی:

### ٢-٢-١- ناسنامەی شاری کەرکوك:

پارێزگای کەرکوك جیاواز لە هەموو پارێزگایەکی دیکەی عێراق گرفتی ناسنامەی هەیە، بە شێوەیەك کە کێشەکە لە نێوان کوردستانیبوون و عێراقیبووندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو تورکمانەکانیش پێیانوایە کەرکوك شارێکی تورکمانیە، جیا لەوەی کە کاربەدەستە تورکەکان بۆ زۆرتر لە جارێك داوای کەرکوکیان کردووە، یان باشترە بڵێین ناتوانن لە بەرامبەر کێشەی کەرکوك بێ دەنگ بن.

پارێزگای کەرکوك بەهۆی ئەو واقعەی کە ئەمڕۆ هەیە (ڕاگواستنی کورد، نیشتەجێکردنی عەرەب، و دابڕینی هەندێك ناوچەی کوردنشین لەو پارێزگایە و لکاندنیان بە پارێزگای دیکەوە) عەرەب ڕێژەیەکی بەرزی دانیشتووانی پێکدەهێنن، لە کاتێکدا تا درەنگانێك کەمینە بوون.

خشتەی ژمارە (١٢) کە تایبەتە بە روونکردنەوەی ناسنامەی شاری کەرکوك لە ڕوانگەی نموونەکە (عەرەبی تەعریب) دەرکەوت بەرزترین ڕێژەی نموونەکە کە دەکاتە ٧٤٪ پێیوایە کەرکوك شارێکی عێراقییە.

ڕێژەیەکی بەرزی دیکەی نموونەکەش کە دەکاتە ١١,٥٪ لەو باوەڕەدایە کەرکوك شارێکی عەرەبییە، واتە ٨٥٪ نموونەکە کەرکوك بە شارێکی عێراقی یان عەرەبی عێراقی لەقەڵەم دەدەن. ئەو ١٥٪ دەمێنێتەوەش دابەشی سەر چوار دەستە دەبن، دەستەیەکیان کە لەوانی دیکە زیاترە پێیوایە کەرکوك شارێکی کوردستانی عێراقییە کە ڕێژەیان دەکاتە ١١٪ نموونەکە. ئەوانی دیکەش یان وەڵامیان نەداوەتەوە یان کەرکوك بەشارێکی کوردی یان تورکمانی لەقەڵەم دەدەن. کە سێ ڕێژەیەی کۆتایی ڕێژەی کەمن.

### ٢-٢-٢- ململانێ لەسەر کەرکوك:

بێگومان ململانێ لەسەر کەرکوك لە دوای داگیرکاری عێراق لە نیسانی ٢٠٠٣ بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو دەرکەوت، تا ئەوکات ڕەنگە بەشێکی زۆری هاوردەکان بایەخی ئەو شارەیان نەزانیبێت و، ڕێژەیەکی بەرچاویان بێئاگابن لەوێ بۆ لەوێ نیشتەجێکران، بەڵام دوای ڕزگاربوونی کەرکوك لە دەستی ڕژێمی بەعس ململانێ لەسەر ئەو شارە لە نێو پێکهاتە جیاوازەکانیدا پەرەی سەند کە تا ئەمڕۆش هەر لە پەرەسەندندایە.

بەپێی خشتەی ژمارە(١٣)دەردەکەوێت زۆرینەی نموونەکەمان، کە ڕێژەیان دەکاتە ٧٣,٥٠٪ لەو باوەڕەدان ململانێ لەسەر کەرکوك، ململانێیە لە پێناو ئەو نەوتە زۆرەی لە خاکی کەرکوکدا هەیە. لە کاتێکدا ڕێژەی ٢٢٪ نموونەکە پێیوایە کە ململانێکە ململانێیە لەپێناو زەوی کەرکوك بەدەر لە نەوت. ڕێژەیەکی کەمیش کە دەکاتە ٢٪ پێیوایە هەم خاك و هەم نەوت سەرچاوەی ململانێکەن.

### ٢-٢-٣- گەڕاندنەوەی ئاوارەکان:

سەبارەت بە گەڕاندنەوەی ئاوارە کورد و تورکمانەکان کە تاکە هۆکاری ئاوارەبوونیان جیاکاری

نەتەوەیی بوو، واتە رژێمی بەعس بە مەبەستی پاکتاوی رەگەزی لەو شارە ڕاپگواستبوون، لە بەرامبەر ئەوەشدا عەرەبی تەعریب لەو شارە نیشتەجێکران، وەك لە خشتەی ژمارە (١٤)دا دەردەکەوێت رێژەیەکی بەرزیان دژی گەڕانەوەی ئاوارەکان نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوان لەگەڵ گەڕاندنەوەی ئاوارەکاندان. لە بەرامبەریشدا رێژەیەکی کەمتری عەرەبی تەعریب دژی گەڕانەوەی ئاوارەکانن کە دەکاتە ٣١٪ بەمەش گریمانەی ژمارەیەکی لێکۆڵینەوەکەمان ناسەلمێت کە دەڵێت عەرەبی تەعریب دژی گەڕانەوەی ئاوارە کورد و تورکمانەکانە.

سەبارەت بەوەی بۆچی بەشێکی عەرەبی تەعریب دژی گەڕانەوەی ئاوارە کوردو تورکمانەکانن بۆ زێدی خۆیان (ناوچە بەعەرەبکراوەکانی کوردستان)، زۆرینەی ئەوانەی دژی گەڕانەوەی ئاوارەکان بوون وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەدایەوە. ئەو رێژە کەمەش کە وەڵامیان دایەوە پێمانوایە پاساوەکانیان نابەجێ بوون. لەو پاساوانەش: ئاوارەکانن دەبنە هۆی ناسەقامگیری باری ئارامی شاری کەرکوك. ئاوارەکان کە گەڕانەوە زوڵم و ستەم لە عەرەبی نیشتەجێی شاری کەرکوك دەکەن. تەنانەت تیایاندابوو نووسیبووی ڕاگواستنی ئاوارەکان لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا دەبێت لەپێناو پرۆژەیەك یان پلانێك بێت کە مافی هەموو حکومەتێکە پرۆژە و پلانی هەبێت، بۆیە نابێت ئەوانە کە بۆ مەبەستێك ڕاگوێزراون بگەڕێنرێنەوە.

**٢-٢-٤- جێبەجێکردنی مادەی (٥٨):**

ماددەی ٥٨ کە بەرەنجامی وتووێژێکی درێژی نێوان سەرانی عێراق بوو لە ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی و لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتدا تۆمارکرا، دواتر لە دەستووردا بۆ بڕگەیەك پێویست دەکات ئاوارەکان و عەرەبی تەعریب بۆ شوێنی جارانیان بگێڕێتەوە. ئاوارەکان کە بەزۆر ئاوارەکراون بە حەسرەتەوەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە و، رێژەیەکی زۆر بەرزی ئاوارە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ شوێنی جارانی خۆی .

لە خشتەی ژمارە (١٥)دا دەردەکەوێت، کە عەرەبی تەعریب بە پێچەوانەی ئاوارەکان بە رێژەیەکی زۆر دژی جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ یاسای ئیدارەی دەوڵەتن کە دەکاتە٦٧٪، رێژەیەکی کەمتریش کە دەکاتە ٢٩٪ نموونەکە لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو مادەیەن. ئەو رێژە زۆرەی کە دژی جێبەجێکردنی مادەکەن دەلالەت لە دوو شت دەکات: یەکەم، هاوردەکان بەبێ زۆر لێکردن، بەڵکو بەهاندانی حکومەت و بە ویستی خۆیان هاتوون، بەرژەوەندی خۆیان لەو کۆچەدا (کۆچ بەرەو کەرکوك) بینیوە و، دیارە ئێستاش وەکو زۆر کەس وا ناویان دەبەن (موستەفیدن). دووەم، بەرژەوەندییان لە کەرکوك هەیە و لەگەڵ فەزای کۆمەڵایەتی ئەو شارە راهاتوون.

لەبارەی ئەوەی بۆچی دژی جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ بەو رێژە زۆرە، دیسان زۆرینەی نموونەکە وەڵامی نەدایەوە. ئەوانەی وەڵامیان دایەوە، دەبینین وەڵامەکان یان پاساوەکان جۆراوجۆرن کە گرنگترینیان ئەمانەن: کەرکوك شارێکی عێراقییە و، هەموو عێراقییەك بەبێ جیاوازی مافی ئەوەی هەیە لەو شارە بژیت. مادەی ٥٨ دژی دوو مادەی ١٢ و ١٦

یاسای ئیدارەی دەوڵەتە. جێبەجێکردنی مادەکە دەبێتە هۆی پارچە پارچەبوونی عێراق. بە جێبەجێکردنی مادەکە دوژمنایەتی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا دروست دەبێت. داواکاری جێبەجێکردنی مادەی ناوبراو داوایەکی ڕەگەزپەرستانەیە. کێشەی لێدەکەوێتەوە ...

**٢-٢-٦- گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان:**

ئەگەرچی کەرکوك شارێکی کوردستانییە بە هەموو پێوەرەکان و، وێڕای ئەوەی بەڵگە مێژوویی و جوگرافیەکان کوردستانیەتی کەرکوك دەسەلمێنن، هەروەها وێڕای ئەوەی ساڵانێکە زۆرە ئەو خاکە زەوت کراوە و خەڵکی کەرکوك خەڵکی کوردستان نە تەنانەت نەیانتوانیوە لە نەوتی ئەو شارە سوودمەندبن، بەڵکو نەوتی ئەو شارە وەك هۆکارێك بۆ زۆربەی کێشە و دەردەسەرییەکانی خەڵکی کەرکوك و کوردستان لە قەڵەم دەدرێت.

سەرەڕای هەموو ئەوەی سەرەوە عەرەبی تەعریب بە زۆری داواکاری کورد بۆ گەڕاندنەوەی پارێزگای کەرکوك بۆ سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان (وەك لە خشتەی ژمارە (١٦)دا دیارە بە داواکارییەکی ناڕەوا و ناشەرعی دەزانن. ئەو ڕێژەیەش کە ڕێژەیەکی ئێجگار بەرزە دەکاتە ٨٧٪ نموونەکە. ئەوانەش کە پێیانوایە داواکارییەکە: داواکارییەکی ڕەوایە ژمارەیان زۆر کەمە، کە ڕێژەیان تەنیا ١٠,٥٠٪ نموونەی لێکۆڵینەوە.

**٢-٢-٧ گەڕاندنەوەی هاوردەکان بۆ شوێنی جارانیان:**

سەبارەت بەوەی کە کوردەکان داوا دەکەن عەرەبی تەعریب بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنەکانی جارانیان، ویستمان بزانین عەرەبی تەعریب چۆن دەڕواننە ئەم مەسەلەیە. لە خشتەی ژمارە(١٧) دا دەرکەوت ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە، کە دەکاتە ٤٥٪ پێیانوایە ئەمە داواکارییەکی ڕەگەزپەرەستانەیە، ڕێژەیەکی بەزری دیکەش کە دەکاتە ٣٣,٥٠٪ پێیانوایە ئەمە ستەمێکە لێیان دەکرێت.عەرەبی تەعریب کە ماوەیەکی درێژە نیشتەجێن لە کەرکوك و ئیش و کار و بەرژەوەندییان لە کەرکوکە و، کەرکوك بە شارێکی عێراقی دەزانن، ناکرێ چاوەڕوانی وەڵامێکی دیکەیان لێ بکەین.

ئەوانەش کە دەڵێن ئەم داوایەی کورد مافی خۆیانە ڕێژەیەکی کەمی نموونەکە پێکدەهێنن، کە دەکاتە ١٤٪.

**٢-٢-٨- داواکاری نموونەکە لە حکومەت و هێزە عێراقییەکان بەر لە جێبەجێکردنی مادەی ٥٨:**

بەرلەوەی سەرنج بدەینە خشتەی (١٨)، پێویست دەکات ئاماژەیەك بکەین بە خشتەکانی پێشتر کە پەیوەندییان بەم خشتەیەوە هەیە. لە خشتەی ژمارە (١٥) کە تایبەت بوو بە جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) دەرکەوت ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە نەبوون. لە خشتەی ژمارە (١٨)دا کە تایبەتە بە گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەرکەوت ٨٧٪ نموونەکە ئەو داواکارییەی کوردیان بە داواکارییەکی ناڕەوا دەبینی. لە خشتەی ژمارە (١٧)یشدا زۆرینەی

نموونەکە پێیوایە گەڕاندنەوەی ئەوان کارێکی رەگەزپەرستانە و ستەمێکە لەوان دەکرێت.

لەم خشتەیەشدا (١٨) دەبینین جگە لەوانەی کە هیچ وەڵامێکی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە کە رێژەیەکی بەرچاون و دەکاتە ١٠٪ نموونەکە، ٩٠٪ نموونەکەی دیکە بەسەر سێ دەستەدا دابەش بوون: دەستەی یەکەم کە رێژەی ٣١٪ نموونەکە پێکدەهێنن پێیانوایە دەبێت هێزە عێراقییەکان قەناعەت بە دەسەڵاتی کوردی بهێنن تاکو ئەم مادەیە جێبەجێنەکرێت. دەستەی دووەم کە ٢٥,٥٠٪ نموونەکەن لە دەستەی یەکەم توندترن و داواکارییەکی زیاتریان لە هێزە عێراقییەکان هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت گوشار بخرێتە سەر سەرکردایەتی کوردستان بۆ وازهێنان لە داواکاری جێبەجێکردنی مادەی نابراو.

دوا دەستە (سێیەم) کە هەندێك زۆرترە لە دوو دەستەکەی دیکە و، رێژەی ٣٢,٥٠٪ نموونەکە پێکدەهێنن داوا دەکەن هێزە عێراقییەکان بەرگری و پارێزگارییان لێ بکەن کاتێك ملکەچی یاساکە نابن و نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ شوێنی جارانیان. هەمووی ئەوەی سەرەوە ئەوە روونددەکاتەوە کە عەرەبی تەعریب نایەوێت کەرکوك بەجێ بهێڵێت، ئەمەش گریمانەی ژمارە (٢) لێکۆڵینەوەکە دەسەلمێنێت کە دەڵێت: عەرەبی تەعریب دەیەوێت لە کەرکوك بمێنێتەوە و کۆچ نەکەن.

## ٢-٢-٩- داواکاری نموونەکە لە حکومەت و هێزە عێراقییەکان دوای جێبەجێکردنی مادەی ٥٨:

سەبارەت بەوەی ئەگەر مادەی (٥٨) جێبەجێکرا، ئەوان چ داواکارییەکیان هەیە لە دەسەڵاتی ناوەندی. دەرکەوت (خشتەی ژمارە (١٩) نموونەکەمان بە رێژەی **٤١,٩٥٪** داوای قەرەبووکردنەوەیەك دەکەن کە ئەو ژیانە پڕبکاتەوە کە پێیان دەکەوێت. لە راستیدا ئەو زیانەی بەر عەرەبی تەعریب دەکەوێت زیانێکی کەم نییە. چونکە بەدەر لەوەی خانوو و زەوییەکانیان لە دەست دەچێت ژمارەیەکی کەمیان فەرمانبەرن کە بە شێوەیەکی فەرمی کارەکەیان دەگوازرێتەوە شوێنی نوێی نیشتەجێبوون ئەوانی دیکە کە کاری جیاوازی ناحکومی یان سەرپێی یان بازاڕی دەکەن، بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەمان دەرفەتیان بۆ نارەخسێت، وێڕای ئەوەی کە لە رووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە رێگری زۆریان دەبێت تا لەگەڵ ژینگەی نوێ دەگونجێن، کە دوور نییە لە ئەنجامی کۆچ ژمارەیەك منداڵیش واز لە خوێندن بهێنن... بۆیە هەندێك زیان قەرەبوو دەکرێنەوە بە بەخشینی بڕە پارەیەك یان بەخشینی زەوی یان بیناکردنی خانوو بۆیان، بەڵام هەندێك زیانی دیکە بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێنەوە.

رێژەیەکی بەرزی دیکە کە دەکاتە **٣٩,٨٧٪** تەنیا داوا دەکەن شوێنی حەوانەوە (خانوو)یان بۆ دابین بکرێت. ئەم داواکارییە جەخت لەو راستییە دەکاتەوە کە دەسکەوتنی شوێنی حەوانەوە (خانوو) لە عێراقدا ئاسان نییە. بەتایبەتیش کە ئەمڕۆ کەرەستەی بیناسازی و زەوی نرخیان گرانە و حکومەت هەوڵی جیدی نەداوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

رێژەیەکی بەرزی دیکەش داواکاری دیکەیان هەبوو. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەناو ئەم رێژەیەك لەوانەی داواکاری دیکەیان هەبوو ئەوانەبوون کە دەیانگوت هیچ قەرەبووکردنێکمان ناوێت، بەرامبەر گواستنەوەمان. دەمانەوێ بمێنینەوە نامانەوێت لەبەرامبەر خاکی عێراق هیچ قەرەبووکردنێك وەرگرین.

**٢-٢-١٠- کەرکوك بخرێتە سەر هەرێم لەبەرامبەر مانەوەی عەرەبی تەعریب لە شاری کەرکوك:**

لە خشتەکانی پێشووتردا بینیمان چۆن عەرەبی تەعریب بە ڕێژەی زۆر بەرزی دژی گەڕاندنەوەی خۆیان دەوەستن و هەموو داواکاری و ئاواتیان جێبەجێنەکردنی ماددەی (٥٨)ە، یان بە دەربڕینێکی دیکە دەرنەکردنیانە لە شاری کەرکوك. لە راستیدا بەر لەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام بدەین پێشبینی ئەوەمان دەکرد بۆیە ئەگەرێکی دیکەمان لە پرسیارێکدا خستەڕوو ئەویش ئەوەیە: رازی دەبن کەرکوك بخرێتەسەر هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر ئەوەی رێگەتان پێ بدەن لە کەرکوك بمێننەوە؟

خشتەی ژمارە (٢٠) کە وەڵامی پرسیاری سەرەوە دەداتەوە دەردەکەوێت رێژەیەکی کەمی نموونەکە کە دەکاتە ١٩٪ بێ دوودڵی رازین بەو تێزەی سەرەوە، ئەوانەش کە دوودڵن و دەڵێن رەنگە بەو تێزە رازی ببین رێژەیەکی کەمترن کە دەکاتە ١٣٪ نموونەکە.

رێژەی هەرە بەرزی نموونەکە، واتە ٦٣,٥٠٪ ئەوانەن کە رازی نین لە کەرکوکدا بژین کە کوردستانییە، بەڵکو ئەوان کەرکوکێکی عێراقییان دەوێت، یان راستر بڵێین کەرکوکێکی بەعسیانە ئەو کەرکوکەی هەموو کەسێکی تێدا نەفیکرابوو تەنیا بەعسییەکان نەبن. هۆکاری رازینەبوونی ئەم رێژە زۆرە نازانین بۆ چی دەگەڕێتەوە، دەشێ هۆکاری دیکەی هەبێت.

**٢-٢-١١ کورد لەدوای نیسانی ٢٠٠٣ کێشەی بۆ عەرەبی تەعریب دروست کردووە؟:**

لە راستیدا کاتێك بینیم عەرەبی تەعریب بە رێژەیەکی زۆر بەرز ئامادە نین دان بە کوردستانیبوونی کەرکوکدا بهێنن لە بەرامبەر مانەوەیان لە شاری کەرکوك دوای ئەوەی لە خشتەکانی زووتردا زۆر پەرۆشی مانەوە بوون لەو شارەدا، هەستم کرد دەبێت هاوردەکان لەم ماوەیەدا (دوای نیسانی ٢٠٠٣) کە کورد تاڕادەیەك باڵادەستە لەو شارەدا ئازاری زۆریان لە دەستی کوردەکان کێشابێت و کوردەکان کێشە و گرفتی زۆریان بۆ دروست کردبن، بۆیە بە باشتر بزانن کەرکوك جێ بهێڵن نەك لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی کوردیدا ژیان ببەنەسەر. کەچی خشتەی ژمارە (٢١) شتێکی جیاواز لەو گومانەی ئێمە روووندەکاتەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە کورد لە دوای رووداوەکانی نیسانی ٢٠٠٣ کێشەیان بۆ نموونەکە دروست کردووە دەرکەوت ئەوانەی دەڵێن کێشەمان بۆ دروست کراوە یان دروستبووە لە لایەن کوردەوە رێژەیەکی کەمن بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی دەڵێن کورد کێشەیان بۆ دروست نەکردووین، واتە بەرامبەر ٦٠٪. هەروەها رێژەیەکی زۆر کەمترن لەوانەی ئامادە نەبوون لە کەرکوکێکی کوردستانیدا بژین کە رێژەی ٦٣,٥٪ نموونەکە (بگەڕێوە بۆ خشتەی ژمارە(٢٠))، کەواتە دەشێ هۆیەکی دیکە هەبێت کە رەنگە نەباڵادەستی کورد بێت بەڵکو نەمانی باڵادەستی ئەوان بێت.

دەشێ ئەوان لە جۆرێك لە دەست کراوەیی و باڵادەستی راهاتبن لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بەعسدا کە زەحمەت بێت بۆیان لە یەکسانیشدا بژین نەك

لەوەی کە خەڵکێکی لەوان باڵادەستر هەبێت، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێت ئەمڕۆ هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کەرکوك لەعەرەبیتەعریب باڵادەستر بن بەلای کەمەوە دەسەڵاتی ڕەمزی کە خۆیان بە خاوەنی کەرکوك دەزانن و عەرەبیتەعریبیش بە کەسانێکی نامۆ لە شارەکە.

لەبارەی جۆری ئەو کێشانەی کورد بۆ عەرەبی تەعریبیان دروستکردووە ژمارەیەکی زۆری نموونەکە ئامادەنەبوون باس لە جۆری کێشەکان بکەن. بەڵام بە کۆکردنەوەی وەڵامەکان دەکرێت هەندێك کێشە دەستنیشان بکەین، کە نموونەکە ئاماژەی پێکردووە. ڕێژەیەکی زۆریان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە کوردەکان جیاکاری ڕەگەزی (التفرقە العنصریە) دەکەن لە نێوان خۆیان و پێکهاتەکانی دیکە. ڕێژەیەکیش ئاماژەیان بەوەکردووە کە کوردەکان دەستدرێژی دەکەنە سەر عەرەبی تەعریب و کێشەیان بۆ دروست دەکەن. سەرەڕای ئەوەی کە کوردەکان هۆکاری ناسەقامگیری بارودۆخی شارەکەن، هێزەکانیان عەرەب دەگرن و تەنانەت خەڵکی بێتاوانیشیان کوشتووە.

## ٢-٢-١٢- گۆڕانی باری ئابووری لەدوای نیسانی ٢٠٠٣:

سەبارەت بەوەی کە ئایا لە دوای ڕووداوەکانی نیسانی ٢٠٠٣ باری ئابووری عەرەبی تەعریب چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە. دەرکەوت ئەوانەی دەڵێن گۆڕان لە باری ئابوورییاندا بەرەو باشی چووە زۆرینەی نموونەی لێکۆڵینەوەکە پێکدەهێنن کە دەکاتە ٥٢٪، ئەوانەش کە بە پێچەوانەوە باری ئابوورییان بەرەو خراپی چووە ڕێژەیان دەکاتە ٢٤٪، کە ڕێژەیەکی بەرزە ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە عەرەبی تەعریب لە سەردەمی ڕژێمدا سوودمەند بوونە.

ئەوانەش کە گۆڕانێکی ئەوتۆ لە باری ئابوورییاندا ڕووی نەداوە کەمترین ڕێژەی نموونەکەن کە دەکاتە ٢٢٪ نموونەکە، (خشتەی ژمارە (٢٢)، ئەگەرچی ٢٢٪ لە دوو ڕێژەکەی دیکە کەمترە، بەڵام ڕێژەیەکی کەمیش نییە، چونکە لەناوبردنی ڕژێمی بەعس تەنیا گۆڕانێکی سیاسی ئەبستراکتی لە عێراقدا دروست نەکرد، بەڵکو ڕووداوێکی سیاسی بوو کە ڕەهەندی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری زۆری هەیە و، ڕەهەندە ئابوورییەکەی هەر زوو دەرکەوت، ئەویش بەوەی ئابلوقەی ئابووری لەسەر عێراق نەما و داهاتی تاکیش بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزکرایەوە، بە تایبەتی توێژی فەرمانبەران، بۆیە باری ئابووری زۆربەی هاوڵاتیان گۆڕا. گۆڕانەکەش بەزۆری بەرەو باشی بوو، ئەوانەی باری ئابوورییان بەرەو خراپی چوو بەزۆری ئەوانە بوون کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە سەردەمی ڕژێم سوودمەند بوون.

## ٢-٢-١٣- گۆڕانی باری ئاسایش لەدوای نیسانی ٢٠٠٣:

لە سەردەمی بەعسدا هەموو هاوڵاتییەك مەترسی لەسەر بوو، چونکە هەموو کەسێك بەدەر لە ڕەگەز و نەژاد و ئایینی دەکرا ڕووبەڕووی هەر لێپرسینەوە و سزایەك بێت. تەنیا کورد یان شیعە یان گروپێکی دیکە نیشانەی پرسیاریان لەسەر نەبوو، ترسیان لە ڕژێمی ڕووخاو نەبوو، بەڵکو عەرەبی سونە و تەنانەت بەعسیەکانیش ڕووبەڕووی توندترین سزادەهاتن، بۆیە زۆرکەمن ئەوانەی لە سەردەمی

رژێمدا بە ئارامی و لە ئاسایشدا ژیانیان گوزەراندبێت.

لەناوبردنی بەعس نەك ئارامی و ئاسایشی بۆ عێراق نەگەڕاندەوە، بەڵكو باری ئارامی و ئاسایشی وڵات زیاتر پشێوی بە خۆیەوە بینی. شاری كەركوك رەنگە لە رووی ئاسایش و ئارامییەوە لە شارە سونە نشینەكانی ناوەڕاستی عێراق باشتربێت لەگەڵ ئەوەشدا زوو زوو گوێبیستی هەوڵی تیرۆریستی دەبین لەو شارەدا بە جۆرێك كە باری ئارامی ئەو شارە بە هیچ شێوەیەك سەقامگیر نییە.

ئەوەی لە سەرەوە باسكرا لە خشتەی ژمارە (٢٣)یشدا بە روونی دەردەكەوێت. ئەوانەی كە دەڵێن باری ئاسایش و ئارامییان بەرەو خراپی چووە لە دوای رووداوەكانی نیسانی ٢٠٠٣، رێژەی ٨٨,٥٠٪ نموونەی لێكۆڵینەوەكە پێكدەهێنن.

**٢-٢- ١٣- نموونەكە كێشەیان لەگەڵ پارێزگـار هەیە:**

پارێزگای كەركوكیش وەك پارێزگاكانی دیكەی عێراق بە بڕیاری هێزی داگیركەر پارێزگار دەستنیشانكرا. پارێزگارەكەش كوردە، هەم پارێزگار هەمیش ئەنجومەنی پارێزگا زۆر جیاواز لە پارێزگای سەردەمی بەعس. پێدەچێت پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا لە كەركوك توانیبێتیان بالانس و هاوسەنگییەك لە نێوان پێكهاتە ئێتنی و نەتەوەییەكان راگرن. بەڵگەش لەسەر ئەوەی بیروڕای عەرەبی تەعریبە لە بارەی ناوبراوانەوە وەك لە خشتەی ژمارە (٢٤)دا دەردەكەوێت.

ئەوانەی كە دەڵێن كێشەمان لەگەڵ پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا نییە ٧٨,٥٠٪ نموونەكە پێكدەهێنن، كە رێژەیەكی بەرزە بە تایبەتیش بۆ عەرەبی تەعریب كە دەشێ پارێزگار و پێكهاتەكانی ناو كەركوك زۆرترین كێشەیان لەگەڵ ئەواندا هەبێت.

ئەوانەش كە دەڵێن كێشەمان هەیە ٩,٥٠٪ نموونەكە پێكدەهێنن، رێژەیەكی كەمتریش كە دەكاتە ٧٪ نموونەكە دەڵێن جاروبار كێشەمان هەیە لەگەڵ پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا.

**٢-٢-١٤- نموونەكە هەستدەكات كورد رقیان لە عەرەبی تەعریبە:**

سەبارەت بەوەی كە ئایا هەست بە جۆرێك لە رق و كینە دەكەن لە لایەن كوردەكان لە بەرامبەر خۆیان، لە خشتەی ژمارە(٢٥)دا دەردەكەوێت نزیكەی نیوەی نموونەكە كە دەكاتە ٥٢,٥٠٪ دەڵێن هەستیان بە هیچ جۆرە رقێك ناكەین لە لایەن كوردەكانەوە. ئەوانەش كە هەست بە رق و كینە دەكەن لە بەرامبەر خۆیان رێژەی ١٩,٥٠٪ نموونەكە پێكدەهێنن، رێژەیەكیش كە دەكاتە ٢٥,٥٠٪ نموونەكە دەڵێن جاروبار هەست بەو رق و كینەیە دەكەین.

لە راستیدا پێدەچێت كوردەكان نەتوانن رق و كینەی خۆیان لە بەرامبەر عەرەبی تەعریب بشارنەوە، بۆیەشە بەم رێژە بەرزە عەرەبی تەعریب هەستیان پێ كردووە. رق و كینە زیاتر هەستێكی دەروونییە و هەموو كەسێك ناتوانن بیشارێتەوە، هەروەها كەمن ئەوانەی دەتوانن رق و كینە لە دڵدا لە بەرامبەر هیچ كەسێك هەڵنەگرن. ئەگەرچی هەڵنەگرتنی رق و كینە لە دڵدا بەهایەكی ئەخلاقی گەورەی هەیە و چاكەیەكە دەبێت هەموو مرۆڤەكان خەبات بكەن بۆ ئەوەی سوودمەندبن لەم چاكەیە،

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسانە کەمن کە هەوڵدەدەن خۆیان لە رق و کینە دوور بگرن.

لە راستیدا رق بوونەوە لە گروپێك وەکو گروپ با عەرەبی تەعریب بن کە بەمەزەندەی کوردی کەرکوك هاتوون لەسەر خاکی وان نیشتەجێبوون و بۆنەتە سەرچاوەی زۆر زەحمەتی و ناخۆشی بۆ ئەوان، شتێکی نێگەتیڤە کە دەبێت هەوڵبدرێت لە رێژەی ئەو رق و کینەیە کەم بکرێتەوە.

**٢-٢-١٥- نموونەکە هەست دەکات رقەکە لەلای هەموو کوردە یان بەشێکیان:**

خشتەی ژمارە (٢٥) کە لە دوو توێی خۆیدا رق و کینەی زۆری کوردەکانی بەرامبەر عەرەبی تەعریب پیشاندەدا خشتەی ژمارە (٢٦) بە پێچەوانەی ئەوەوە پێمان دەڵێت ئەو رق و کینەیەی کە باسدەکرێت رق و کینەیەکی گشتگر نییە کە هەموو کوردێکی گرتبێتەوە، بەڵکو لای هەندێك لە کوردەکان هەستی پێدەکرێت کە پێمانوایە ئەم رق و کینەیە شتێکی پێشبینی نەکراو نییە، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی لەو شارەدا سەقامگیرە، ناکرێ رق و کینە لەو شارەدا بەرچاو نەکەوێ.

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت تەنیا ٥,٥٥٪ نموونەکە کە رێژەیەکی کەمە دەڵێن هەست بەو رقە لە بەرامبەر خۆمان دەکەین لە لای هەموو کوردێك، دەشێ ئەم رێژە کەمە یان مرۆڤی زۆر هەستیابن یاخود کەسانێکی خراپکار بن و بە راستی وابێت لای گشت کوردی ئەو شارە بێزراوبن، لە بەرامبەر ئەوەدا نموونەکە بە رێژەی ٩٤,٤٥٪ پێیوایە ئەو رقە تەنیا لە لای ژمارەیەك لە کوردەکان هەست پێدەکەن.

**٢-٢-١٦- هەڵوێستی عەرەبی تەعریب بەرامبەر کورد:**

کورد و عەرەبی تەعریب هاوکات لەگەڵ پێکهاتە ئایینی و ئێتنیەکانی دیکە لە شاری کەرکوك دەژین و، رۆژانە لە بەرامبەر یەکتر دەردەکەون و وەك هاوشاری لە هەموو شوێنێك فەرمانگە، بازاڕ، ناو ئوتومبێل... لەگەڵ یەکتر مامەڵە و رەفتار دەکەن، هەروەها وەکو هاوشاری هەلوێستیشیان بەرامبەر یەکتر هەیە و، دەشێ قسەش لەسەر یەکتر بکەن کە دواجار دەشێ روانگەیەکی گشتگیر لەسەریەك بەرهەم بهێنن.

دەرکەوت نموونەکەمان بە رێژەیەکی بەرز کە دەکاتە ٦١,٥٠٪ دەڵێن ئێمە لەگەڵ کورد هاوسوزین. رێژەیەکی کەمتریش لەو کە دەکاتە ٣٣٪ نموونەکە دەڵێن هیچ پەیوەندییەکمان پێیانەوە نییە نە هاوسوزین لەگەڵیان و نە دژیانین، رێژەیەکی زۆر کەمیش کە دەکاتە ٢٪ نموونەکە دەڵێن کوردمان خۆش ناوێت کە ئاساییە.

**٢-٢-١٧- بەرامبەر بە کورد وەك نەتەوە:**

پێشتر گوتمان لە ئەنجامی مامەڵە و هەڵسوکەوتی بەردەوام تاکەکان دەتوانن روانگەی گشتی لەسەر یەکتر بەرهەم بهێنن. سەبارەت بەوەی عەرەبی تەعریب چۆن تەماشای کورد دەکەن، یان کورد چ ئیماژێکی لە هزری نموونەکەدا هەیە دەرکەوت (خشتەی ژمارە(٢٨) زۆرترین رێژە کە نزیکەی نیوەی نموونەکەیە و دەکاتە ٤٨,٥٠٪ پێیوایە کورد میللەتێکی ئاشتیخوازن و نایانەوێت شەڕ و کێشەیان هەبێت، ئەمە جێگەی دڵخۆشییە کە عەرەبی تەعریب دوای ئەوەی کورد هەڕەشەی دەرکردنی لێدەکات و هەموو هەوڵی خستوتەگەڕ بۆ

گەڕاندنەوەی ئەوان و بە گەڕانەوەش زەرەرمەند دەبن وا بەباشی بیر لە کورد بکەنەوە، ڕێژەیەکیش کە دەکاتە ١٦,٥٪ نموونەکە پێیوایە کورد میللەتێکی لێبوردەن. بە پێچەوانەی ئەمەی سەرەوەش نموونەکە بە ڕێژەی ٢٨٪ لەو باوەرە دایە کە کورد میللەتێکی رەگەزپەرستن، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ڕێژەیەکی کەمی نموونەکە کە دەکاتە ٤,٥٪ نموونەکە پێیوایە کورد میللەتێکی شەڕانی و دوژمنکارن.

## ٢-٣ ئەنجام و راسپاردە:

### ٢-٣-١ ئەنجامەکان:

لێکۆڵینەوەی عەرەبی تەعریب لەنێوان ویستی مانەوە و گەڕانەوەدا گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- سەبارەت بە ناسنامەی شاری کەرکوك دەرکەوت ٨٥٪ نموونەکە کەرکوك بە شارێکی عێراقی یان عەرەبی لەقەڵەم دەدەن. ئەوانەی کەرکوك بە شارێکی عێراقی دەزانن ڕێژەیان دەکاتە ٧٤٪، ئەوانەش کە بە شارێکی عەرەبی دەزانن ١١,٥٪ نموونەکە پێکدەهێنن.

٢- نموونەکەمان بە ڕێژەی ٧٣,٥٠٪ لەو باوەڕەدان ململانێ لەسەر کەرکوك لە نێوان هێزە عێراقییە جیاوازەکاندا، ململانێیە لە پێناو نەوت.

٣- عەرەبی تەعریب بە ڕێژەیەکی بەرز دژی جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ یاسای ئیدارەی دەوڵەتن، کە ڕێژەیان دەکاتە ٦٧٪ نموونەکە.

٤- عەرەبی تەعریب بە ڕێژەیەکی ئێجگار بەرز کە دەکاتە ٨٧٪ نموونەکە داواکاری کورد بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە داواکارییەکی ناڕەوا و ناشەرعی دەزانن.

٥- نموونەکەمان بە ڕێژەی ٣١٪ داوا لە حکومەت و هێزە عێراقییەکان دەکەن کە دەسەڵاتی کوردی رازی بکەن واز لە جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ بهێنێت. هەروەها بە ڕێژەی ٢٥,٥٠٪ داوا لە حکومەت و هێزە عێراقییەکان دەکەن گوشار بخرێتە سەر سەرکردایەتی کوردستان بۆ وازهێنان لە داواکاری جێبەجێکردنی مادەی نابراو. ڕێژەیەکی بەرزتریش (٣٢,٥٠٪) داوا دەکەن هێزە عێراقییەکان بەرگری و پارێزگارییان لێ بکەن کاتێك ملکەچی یاساکە نابن و نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ شوێنی جارانیان.

٦- سەبارەت بە داواکاری کورد بۆ گەڕاندنەوەی عەرەبی تەعریب بۆ شوێنی جارانیان، نموونەکەمان بە ڕێژەی ٧٨,٥٠٪ پێیوایە ئەمە داواکارییەکی رەگەزپەرستانە یاخود ستەمکارانەیە.

٧- سەبارەت بەوەی کە ئایا ئامادەن دان بە کوردستانیبوونی کەرکوکدا بهێنن بەرامبەر مانەوەیان لە شاری کەرکوك، دەرکەوت ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە، واتە ٦٣,٥٠٪ ئەوانەن کە رازی نین لە کەرکوکدا بژین کە کوردستانییە. ئەوانەی کە رازین تەنیا ١٩٪ نموونەکە پێکدەهێنن.

٨- ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە کە دەکاتە ٦٠٪، دەڵێن دوای رووخانی رژێم لە نیسانی ٢٠٠٣ کورد هیچ کێشە و گرفتێکیان بۆ ئێمە دروستنەکردووە. لە بەرامبەریشدا ٣٢٪ نموونەکە دەڵێن کێشەیان بۆ ێمە دروستکردووە.

٩-نموونەکەمان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز، کە دەکاتە ٠ ٨٨,٥٪ پێیوایە لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە نیسانی ٢٠٠٣ باری ئاسایش و ئارامییان بەرەو خراپی چووە.

١٠- سەبارەت بەوەی عەرەبی تەعریب هیچ کێشەیان لەگەڵ پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا لە شاری کەرکوك هەیە، دەرکەوت نموونەکە بەرێژەی ٠ ٧٨,٥٪ هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك نییە.

١١- دەرکەوت نموونەکەمان بە ڕێژەی ٠ ٥٢,٥٪هەستیان بە هیچ جۆرە رقێك نەکردووە لە لایەن کوردەکانەوە. ئەوانەش کە هەستیان بە رق کردووە ٠ ١٩,٥٪ نموونەکە پێکدەهێنن، ڕێژەیەکی زیاتریش کە دەکاتە ٠ ٢٥,٥٪ دەڵێن جاروبار هەست بەو رق و کینەیە دەکەن. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە تەنیا ٥,٥٥٪ نموونەکە هەست بە جۆرە رقێك لەلای هەموو کوردەکان دەکەن، بە ڕێژەی ٩٤,٤٥٪ پێیوایە ئەو رقە تەنیا لە لای ژمارەیەك لە کوردەکان هەیە.

١٢- نزیکەی نیوەی نموونەکە، کە دەکاتە ٠ ٤٨,٥٪ پێیوایە کورد میللەتێکی ئاشتیخوازن و نایانەوێت شەڕ و کێشەیان هەبێت. نموونەکە تەنیا بە ڕێژەی ٠ ٤,٥٪ پێیوایە کورد نەتەوەیەکی شەڕانییە.

### ٢-٣-٢ راسپاردە و پێشنیار:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پێویست دەزانین چەند راسپاردەیەك بخەینەڕوو، کە پێمانوایە هەم کردەیین و هەمیش خزمەت بە دۆزی پارێزگای کەرکوك دەکەن.

١- عەرەبی تەعریب هەروەك لە ئەنجامەکاندا دەرکەوت نایانەوێت بگەڕێنەوە شوێنی جارانیان. ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانەش: خراپی باری ئاسایش لە عێراق، راهاتنیان لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا، نەبوونی زەمانەتێك کە کاتێك کەرکوك جێدەهێڵن وەکو پێویست قەرەبوو دەکرێنەوە و لە شوێنێکی دیکە نیشتەجێ دەکرێن ... لە توانای دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و تەنانەت حکومەتی عێراقیشدا نییە بەتایبەتی لەم هەلومەرجەدا کە رەوشی ئاسایشی عێراق هێور بکاتەوە، بۆیە ئەو هەلومەرجەی کە پێویستە بۆ گەڕاندنەوە رەنگە بە ئاسانی دەستەبەر نەبێت، بەڵام دەکرێ هەندێك شت ئەنجام بدرێت بەتایبەتیش دڵنیاکردنیان بەوەی کە قەرەبوویەکی پێویست و گونجاو دەکرێنەوە. گومانی تێدا نییە عەرەبی تەعریب بە گەڕانەوەیان زەرەرمەند دەبن.

٢- بە مەزەندەی ئێمە ژمارەیەکی زۆری عەرەبی تەعریب ئێستاش بەتەواوی نازانن چ شتێك لە پشت هاندانی ئەوانەوە بوو تاکو بۆ کەرکوك کۆچ بکەن، هەروەها ژمارەیەکی زۆریان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە کەرکوك شارێکی عێراقییە و مافی خۆیانە لە کەرکوك بمێننەوە. بۆیە دەبێت زۆرتر دانوستانیان لەگەڵدا بکرێت سەبارەت بەو ئامانجەی رژێم لە نیشتەجێکردنیان لە کوردستان، دەبێت لەوەش ئاگادار بکرێنەوە کە کەرکوك بارودۆخێکی تایبەتی هەیە و داواکاری کورد بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك داوایەکی رەگەزپەرستانە نییە وەك خۆیان دەڵێن، هەروەها جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ نابێتە هۆی

دوژمنایەتی نێوان نەتەوەکانی عێراق دیسان وەك خۆیان دەڵێن، بەڵکو جێبەجێنەکردنی مادەکە بە ئەگەری زۆر پەرچەکرداری خۆی دەبێت لەلای کوردەکانی کەرکوك و ئەوکات دووبەرەکی و دوژمنایەتی نێوان پێکهاتەکان لەو شارەدا سەرهەڵدەدات.

٣- ژمارەیەکی عەرەبی تەعریب پێیوایە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ کەرکوك لەسەر حیسابی عەرەبی نیشتەجێی کەرکوك دەبێت. بۆیە پێویستە عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەی ناوچە تەعریبکراوەکان لەوە دڵنیابکرێنەوە کە گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان لەسەر حیسابی هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یان ئایینی دیکەی ئەو ناوچانە نابێت، بەڵکو گەڕانەوەی ئاوارەکان مافێکی سروشتی ئەوانەو نابێت هیچ کەسێك ڕێگری بکات یان پێی ناخۆش بێت.

٤- هەوڵبدرێت لێکۆڵینەوەی زیاتر و وردتر لەبارەی عەرەبی تەعریب لە لایەنەکانی ئینتیمای سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەوان بکرێت. ئەم لێکۆڵینەوانە هەم باشتر دەیانناسێنن و هەمیش یارمەتیدەر دەبن بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ مامەڵکردن لەگەڵ کێشەی گەڕاندنەوەیاندا بۆ ناوچەکانیان لە ناوەڕاست یان باشووری عێراق.

خشتەی ژمارە (١)

شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە

بەپێی گەڕەك رووندەکاتەوە

| گەڕەك | ژمارە | % |
|---|---|---|
| حەی ئەلنور | ٣ | ١,٥٠ |
| ئەلقادسییە | ٢٢ | ١١ |
| حەی ئەلنەسر | ٣٢ | ١٦ |
| حەی ئەلئەسرا ئەلمەفقودین | ٤١ | ٢٠,٥٠ |
| حەی ئەلحوسەین | ١٣ | ٦,٥٠ |
| حەی ئەلڕەشید | ١٨ | ٩ |
| عەرەفە | ٣٩ | ١٩,٥٠ |
| حەی ئەلحوزەیران | ٣ | ١,٥٠ |
| حەی ئەلعەسکەری | ٧ | ٣,٥٠ |
| حەی ئەلخەزرا | ٢ | ١ |
| گەڕەکەکانی دیکە | ١٠ | ٥ |
| بێ وەڵام | ١٠ | ٥ |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢)

تەمەنی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| تەمەن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| ١٩-٢٨ | ٤٢ | ٢١ |
| ٢٩-٣٨ | ٣٠ | ١٥ |
| ٣٩-٤٨ | ٤٠ | ٢٠ |
| ٤٩-٥٨ | ٥٩ | ٢٩,٥٠ |
| ٥٩-٦٨ | ١٤ | ٧ |
| ٦٩-٧٨ | ٤ | ٢ |
| بێ وەڵام | ١١ | ٥,٥٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣)

ئاستی خوێندەواری نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| ئاستی خوێندن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١٥ | ٧,٥٠ |
| سەرەتایی | ٦٥ | ٣٢,٥٠ |
| ناوەندی | ٥٣ | ٢٦,٥٠ |
| ئامادەیی | ٢٦ | ١٣ |
| پەیمانگا | ٢٦ | ١٣ |
| زانکۆ | ١٤ | ٧ |
| بێ وەڵام | ١ | ٠,٥٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٤)

ئەوە رووندەکاتەوە کە نموونەکە چەند زمانی پارێزگاکە دەزانن

| ئەم زمانانە دەزانم | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| کوردی و عەرەبی | ١٨ | ٩ |
| عەرەبی و تورکمانی | ٢١ | ١٠,٥٠ |
| عەرەبی و سریانی | ٢ | ١ |
| تەنیا عەرەبی | ١٣٠ | ٦٥ |
| کوردی، تورکمانی و عەرەبی | ٢٦ | ١٣ |
| بێ وەڵام | ٣ | ١,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٥)

شوێنی نیشتەجێبوونی جارانی نموونەکە رووندەکاتەوە

| شوێنی نیشتەجێبوونی پێشان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەغدا | ٣٥ | ١٧,٥٠ |
| بەسرا | ٢٦ | ١٣ |
| دیالە | ١٦ | ٨ |
| زیقار | ١٦ | ٨ |
| میسان | ٥ | ٢,٥٠ |
| ئەنبار | ٨ | ٤ |
| مووسڵ | ٤ | ٢ |

| | | |
|---|---|---|
| کەربەلا | ١ | ٠,٥٠ |
| موسەنا | ٢ | ١ |
| سەلاحەدین | ١ | ٠,٥٠ |
| بابل | ٣ | ١,٥٠ |
| کەرکوك | ٧٤ | ٣٧ |
| واست | ٢ | ١ |
| نەجەف | ١ | ٠,٥٠ |
| بێ وەڵام | ٦ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٦)

ماوەی نیشتەجێبوونی نموونەکە لەشارەکەدا رووندەکاتەوە

| ماوەی نیشتەجێبوون لە شارەکە بە ساڵ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ١٠-١٥ | ٢٢ | ١١,١٧ |
| ١٦-٢١ | ٤٠ | ٢٠,٣٠ |
| ٢٢-٢٧ | ٢٦ | ١٣,٢٠ |
| ٢٨-٣٣ | ٢٣ | ١١,٦٨ |
| ٣٤-٣٩ | ١٣ | ٦,٦٠ |
| ٤٠-٤٥ | ٤٦ | ٢٣,٣٥ |
| بێ وەڵام | ٣٠ | ١٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٧)

ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەکە رووندەکاتەوە

| ٪ | ژمارە | ژمارەی ئەندامانی خێزان |
|---|---|---|
| ٥ | ١٠ | ١-٣ |
| ٢٥,٥٠ | ٥١ | ٤-٦ |
| ٣٧ | ٧٤ | ٧-٩ |
| ٢٠ | ٤٠ | ١٠-١٢ |
| ٤,٥٠ | ٩ | ١٣-١٥ |
| ٣,٥٠ | ٧ | ١٦-١٨ |
| ١,٥٠ | ٣ | ١٩-٢١ |
| ١ | ٢ | ٢٢-٢٤ |
| ٢ | ٤ | بێ وەڵام |
| ١٠٠ | ٢٠٠ | **کۆی گشتی** |

خشتەی ژمارە (٨)

باری ئابووری نموونەکە رووندەکاتەوە

| ٪ | ژمارە | باری ئابووری |
|---|---|---|
| ١٢,٥٠ | ٢٥ | باش |
| ٧٨,٥٠ | ١٥٧ | ناوەند |
| ٩ | ١٨ | خراپ |
| ١٠٠ | ٢٠٠ | **کۆی گشتی** |

خشتەی ژمارە (٩)

پیشەی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| پیشەی سەرپەرشتیاری خێزان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | ٨٢ | ٤١ |
| کاسب | ٧٥ | ٣٧,٥٠ |
| خانەنشین | ٢٥ | ١٢,٥٠ |
| ئەفسەر | ١ | ٠,٥٠ |
| کابان | ٢ | ١,٠٠ |
| بێ وەڵام | ١٥ | ٧,٥٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٠)

خاوەندارێتی خانووی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| خاوەندارێتی خانوو | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| موڵك | ١٢٨ | ٦٤ |
| کرێ | ٢٣ | ١١,٥٠ |
| حکومی | ٤٥ | ٢٢,٥٠ |
| بێ وەڵام | ٤ | ٢ |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١١)

چۆنیەتی نیشتەجێبوونی نموونەکە رووندەکاتەوە

| چۆنیەتی نیشتەجێبوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| خانووی سەربەخۆ | ١٤٥ | ٧٢,٥٠ |
| خانووی هاوبەش | ٤٩ | ٢٤,٥٠ |
| بێ وەڵام | ٦ | ٣ |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١١)

ئایینزای نموونەکە رووندەکاتەوە

| ئایینزا | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| سونە | ١٣٠ | ٦٥ |
| شیعە | ٦٤ | ٣٢ |
| بێ وەڵام | ٦ | ٣ |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٢)
ناسنامەی شاری کەرکوك بە بۆچوونی نموونەکە

| کەرکوك شارێکی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| عەرەبییە | ٢٣ | ١١,٥٠ |
| تورکمانیە | ١ | ٠,٥٠ |
| کوردیە | ٣ | ٣ |
| عێراقییە | ١٤٨ | ٧٤ |
| عێراقی کوردستانییە | ٢٢ | ١١ |
| بێ وەڵام | ٣ | ١,٥٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٤)
بۆچوونی نموونەکە روندەکاتەوە سەبارەت بە گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ شاری کەرکوك

| لەگەڵ گەڕاندنەوەی ئاوارەکاندای | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٣٢ | ٦٦ |
| نەخێر | ٦٢ | ٣١ |
| بێوەڵام | ٦ | ٣ |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(١٥)

بۆچوونی نموونەکە روندەکاتەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)

| لەگەڵ جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) دای | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥٨ | ٢٩ |
| نەخێر | ١٣٤ | ٦٧ |
| بێوەڵام | ٨ | ٤ |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٦)

بۆچوونی نموونەکە روندەکاتەوە سەبارەت بە گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان

| داواکاری کورد بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ڕەوایە | ٢١ | ١٠,٥٠ |
| ناڕەوایە | ١٧٤ | ٨٧ |
| بێوەڵام | ٥ | ٢,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٧)

بۆچوونی نموونەکە روندەکاتەوە سەبارەت بە گەڕاندنەوەی عەرەبی تەعریب بۆ شوێنی جارانیان

| داواکاری کورد بۆ گەڕاندنەوەی عەرەبی تەعریب بۆ شوێنی جارانیان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| داواکارییەکی رەگەزپەرستانەیە | ٩٠ | ٤٥ |
| داواکارییەکی ستەمکارانەیە | ٦٧ | ٣٣,٥٠ |
| مافی خۆیانە | ٢٨ | ١٤ |
| وەڵامێکی دیکە | ٤ | ٢ |
| بێوەڵام | ١١ | ٥,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٨)

داواکاری نموونەکە لە حکومەت و هێزە عێراقییەکان بەر لە جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ رووندەکاتەوە

| داواکاریتان لە حکومەت و هێزە عێراقییەکان بەر لە جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| باوەڕهێنان بە دەسەڵاتی کوردی کە واز لەم داواکارییە بهێنێت | ٦٢ | ٣١ |
| گوشار بخرێتە سەر دەسەڵاتی کوردی تا واز لەم داواکارییە بهێنێت | ٥١ | ٢٥,٥٠ |
| پارێزگاریمان لێ بکات ئەگەر نە ڕۆیشتین | ٦٦ | ٣٣ |
| بێ وەڵام | ٢١ | ١٠,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٩)

داواکاری نموونەکە لە حکومەت و هێزە عێراقییەکان دوای جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ رووندەکاتەوە

| داواکاریتان لە حکومەت، ئەگەر مادەی ٥٨ جێبەجێکرا | ژمارە | % |
|---|---|---|
| قەرەبووکردنەوە | ٦٠ | ٤١,٩٥ |
| دابینکردنی شوێنی حەوانەوە | ٥٧ | ٣٩,٨٧ |
| داواکارییەکی دیکە | ٢٦ | ١٨,١٨ |
| کۆی گشتی | ١٤٣ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٠) بۆچوونی نموونەکە روندەکاتەوە

سەبارەت بەوەی رازی بن کەرکوک بخرێتە سەر هەرێم لەبەرامبەر مانەوەیان لە شاری کەرکوک

| رازی دەبی بەوەی کەرکوک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، بەرامبەر بە مانەوەت لەو شارە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٨ | ١٩ |
| نەخێر | ١٢٧ | ٦٣,٥٠ |
| لەوانەیە | ٢٦ | ١٣ |
| بێوەڵام | ٩ | ٤,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢١)

بۆچوونی نموونەکە روندەکاتەوە سەبارەت بەوەی کورد

لەدوای نیسانی ٢٠٠٣ کێشەی بۆ نموونەکە دروست کردووە

| کورد لەدوای ڕووداوەکانی نیسانی ٢٠٠٣ کێشەی بۆ ئێوە دروست کردووە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٤ | ٣٢ |
| نەخێر | ١٢٠ | ٦٠ |
| بێ وەڵام | ١٦ | ٨ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٢)

بۆچوونی نموونەکە روندەکاتەوە سەبارەت بە گۆڕانی باری ئابووری لەدوای نیسانی ٢٠٠٣

| باری ئابووریتان لەدوای ڕووداوەکانی نیسانی ٢٠٠٣ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەرەو باشی چووە | ١٠٤ | ٥٢ |
| بەرەو خراپی چووە | ٤٩ | ٢٤,٥٠ |
| نەگۆڕاوە | ٤٤ | ٢٢ |
| بێ وەڵام | ٣ | ١,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

بۆچوونی نموونەکە روندەکاتەوە سەبارەت بە گۆڕانی باری ئاسایشی نموونەکە لەدوای نیسانی ٢٠٠٣

| باری ئارامی و ئاسایشتان لەدوای رووداوەکانی نیسانی ٢٠٠٣ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەرەوە باشی چووە | ٧ | ٣,٥٠ |
| بەرەو خراپی چووە | ١٧٧ | ٨٨,٥٠ |
| نەگۆڕاوە | ١١ | ٥,٥٠ |
| بێ وەلاّم | ٥ | ٢,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٢٤)**

**بۆچوونی نموونەکە روندەکاتەوە سەبارەت بەوەی کێشەیان لەگەڵ پارێزگار هەیە**

| کێشەتان لەگەڵ پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا هەیە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩ | ٩,٥٠ |
| نەخێر | ١٥٧ | ٧٨,٥٠ |
| جاروبار | ١٤ | ٧ |
| بێ وەلاّم | ١٠ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٥)

بۆچوونی نموونەکە روندەکاتەوە سەبارەت بەوەی هەستدەکەن کورد رقیان لە عەرەبی تەعریبە

| هەستدەکەن کوردەکان رقیان لە ئێوەیە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٩ | ١٩,٥٠ |
| نەخێر | ١٠٥ | ٥٢ |
| جاروبار | ٥١ | ٢٥ |
| بێ وەڵام | ٥ | ٢,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٦) بۆچوونی نموونەکە روندەکاتەوە
سەبارەت بەوەی هەست دەکەن رقەکە لەلای هەموو کوردە یان بەشێکیان

| هەست بە رقە دەکەین لە لای: | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەموو کوردێك | ٥ | ٥,٥٥ |
| بەشێك لە کوردەکان | ٨٥ | ٩٤,٤٥ |
| کۆی گشتی | ٩٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٧)

هەڵوێستی عەرەبی تەعریب بەرامبەر کورد رووندەکاتەوە

| هەڵوێستی عەرەبی تەعریب بەرامبەر کورد | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هاوسۆزی کوردەکانین | ١٢٣ | ٦١,٥٠ |
| پەیوەندیمان پێیانەوە نییە | ٧٠ | ٣٥ |
| حەز لە کورد ناکەین | ٤ | ٢ |
| بێ وەڵام | ٣ | ١,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٨)

بۆچوونی نموونەکە سەبارەت بە کورد وەك نەتەوە رووندەکاتەوە

| کورد نەتەوەیەکی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ئاشتیخوازە | ٩٧ | ٤٨,٥٠ |
| شەڕانییە | ٩ | ٤,٥٠ |
| رەگەزپەرستە | ٥٦ | ٢٨ |
| لێبوردەیە | ٣٣ | ١٦,٥٠ |
| بێ وەڵام | ٥ | ٢,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠٠ | ١٠٠ |

## سەرچاوەکان

* ئـەم باسـە پـێش پەسـندکردن دسـتووری عێـراق نووسراوە و لەبەر گرنگیەکەی لێرەدا بەباشمان زانـی بـڵاوی بکەینەوە.


- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجیی عیراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل تەعریب تەبعیس، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩
- دینکن میشل، معجم علم الاجتماع، ترجمة: احسان محمد الحسن، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.
- د. خليل اسماعيل محمد، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق، مطبعة جامعة الصلاح الدين، اربيل، ٢٠٠١،
- عمـر محمـد التـومي، الـشيباني، منـاهج البحـث الاجتماعي، الشركة العامة للنشر والتوزيع والاعـلان، الطبعة الثانية، طرابلس ١٩٧٥.
- غريب محمد سيد و عبدالباسط عبد المعطى، علم الاجتماع، دار معرفة الجامعية، اسكندرية، ١٩٨٥.
- امان اله نراقى مقدم، مباني جامعه شناسي، انتشارات ابجد، تهران، ١٣٧٧.
- انتونى گيدنز، جامعەشناسى، ت: منوچهر موحسنى، نشرنى، تهران، ١٣٧٣.
- پاتريك مك نيل، روشهاى تحقيق در علوم اجتماعى، ت: محسن پلاپى، نشر اگاه، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨.
- چاوا فرانكفورد و ديويد نيچمياس، روشهاى پژوهش در علوم اجتماعى، ت، فاچل لاريجانى و رچا فاچلى، نشر سروش، تهران، ١٣٨١.
- د. زهره سرمد و ديگران، روشهاى تحقيق در علوم رفتارى، مؤسسه انتشارات أگاه، چاپ نهم، ١٣٨٣
- د. على دلاور، مبانى نقرى و عملى پژوهش در علوم انسان و اجتماعى انتشارات رشد، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٢.
- منوچهر محسنى، جامعه شناسى عمومى، انتشارات گهورى، چاپ هفدهم، تهران ١٣٨٠، ١٦٢.
- منصور وپوقى و على اكبر نيك خلق، مبانى جامعه شناسى، انتشارات بهينه، تهران، چاپ سيزدهم، ١٣٨٢.